

دوورخراو و بێ بەش کراو

دوورخستنەوەی بە زۆری و وێرانکردنی بە دەستەقەسد لە باکووری عێراق

AMNESTY INTERNATIONAL

لێبووردنی نێودەوڵەتی، بزاڤێکی جیهانییە بە زیاد لە ٣ ملیۆن پشتگر، ئەندام و هەڵسووڕاوانەوە کە بۆ کۆتایی هێنان بە دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە زیاد لە ١٥٠ وڵات و هەرێمدا خەبات دەکەن.

ڕوانگەتی ئێمە ئەوەیە هەموو کەسێک دەبێ چێژ لە هەموو ئەو مافانە وەربگرێت کەجارێ گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پێوانە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ ڕێزی لێدەگرن.

ئێمە سەربەخۆین لە هەموو حکوومەتێک، بیرۆکەیەکی سیاسی، بەرژەوەندییەکی ئابووری یان ئایینێک و بەگشتی مەسرەفمان لە ئەندامیەتی و باربووی خەڵک دابین دەبێت.

AMNESTY INTERNATIONAL

چاپی یە کە م لە 2016 دا لە لایە ن:
Amnesty International Ltd
Peter Benenson House
1 Easton Street
London WC1X 0DW
United Kingdom

مافی بڵاوکردنە وە تە نیا بۆ لێبوردنی نێودەوڵەتی© 2016

ژمار ە : MDE 14/3229/2016
زمانی سە رە کی: English
بڵاو کراوە ی لێبووردنی نێودەوڵەتی ،
سکرتاریە تی نێودەوڵەتی ، شانشینە یە کگرتووە کان

هە موو مافە کان پارێزراوە . مافی بڵاو کردنە وە ی ئە م بڵاوکراوە یە پارێزراوە ، بە ڵام لە وانە یە بە مە بە ستی باس کردن یان کە مپە ین کردنیان وانە وتنە وە بڵاو بکرێتە وە نە ک بە مە بە ستی دوبارە فرۆشتنە وە . بە ناماڵجی هە ڵسە نگاندنی ڕادە ی کارتێکە رییە کانی ئە م بڵاوکراوە یە خاوە ن بڵاوکراوە کە داواکارە کە ئە و چە شنە کە ڵک وە رگرتنانە لە الینە وان تۆمار بکرێت .بۆ کۆپی کردن لە هە ر بارودۆخێکی تردا، یان بۆ بە کار هێنانی لە چاپە مە نییە کانی تردا یان بۆ وە رگێڕان یان ڕاگواستن، دە بێ پێشتر بە نووسین ئیزن لە بڵاوکراوە کە بگیرێت و لە وانە شە حە قی بڵاو کردنە وە ش دە بێ بدرێت .بۆ ئیزن وێستن بۆ بڵاو کردنە وە ،یان بۆ هە ر داواکاریە کی تر، تکایە پێوە ندی بە م ئیمە یڵە وە بکە ن:
copyright@amnesty.org

وێنە ی سە ر بە رگ: پاشماوەی ماڵێکی سووێدراو لە گوندی ئوم ڕەبارى
پارێزراو©

amnesty.org

ناوەڕۆک

پوختەی باس.....5

شێوازی لێکۆڵینەوەکە 10

پێشەکی 11

ناوچە جێ ناکۆکییەکان.....13

وێرانکردنی ماڵ و ملّکەکان 14

پارێزگای دیالە، گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری جەلەولا 15

پارێزگای نەینەوا، گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای شنگال 21

ناوچەی کەرکووک.....34

دەرکران بە زۆری.....38

ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی 40

وێرانکردنی ماڵ و ملّکەکان.....40

ڕاگواستنی بەزۆری.....41

ئەنجام.....43

ڕاسپاردەکان 44

پوختەی باس

بەهۆی کێشەی بەردەوامی ناو عێراقەوە زیاد لە سێ ملیۆن کەس ئاوارە بوون ئەوەش، بەگوێرەی لێژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور [1] ، زیاترین ژمارە و خێراترین ڕێژەی خەڵکانی ئاوارەبووی هەمووجیهانە لە ساڵی ٢٠١٥ دا.

لە پێنج پارێزگادا زوربەی ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان لەبەر ئەوەی تاقمێکی چەکدار کە خۆی بە "دەوڵەتی ئیسلامی" ناودەبات لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ٢٠١٤ەوە دەستی بەسەر شار و گوندەکانیاندا گرتووە، یان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندان یا خود هێزە عێراقی و کوردییەکان گرتوویانەتەوە بەڵام شوێنێکی بەمتمانە نین بۆ گەڕانەوە یان بەهۆی شەڕەوە زیانی زۆریان بینیوە.

زۆرێک لەوانەی وا ئاوارە بوون، پێشمەرگەی کورد و هێزە عێراقییەکان و میلیشیای نیمچە سوپایی کە ناوچەکانیان لەدەست دەوڵەتی ئیسلامی سەندۆتەوە، وەک هەنگاوێک لەپێناو مسۆگەر کردنی دەسەڵاتیان بە سەر ئەو خاکانەی وا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جێگەی کێشە بووە[2] مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێ نادەن.

ئەم ڕاپۆرتانە تەرکیز لەسەر ناوچەکانی باکووری عێراق دەکەن کە تێیاندا هێزەکانی پێشمەرگەی حکوومەتی نیوە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان ڕێگرن لەوەی دانیشتوانی گوندە عەرەب نشینەکان و دایشتووانی عەرەبی شارە تێکەڵاوە عەرەب و کوردەکان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان، لە هەندێک حاڵەتیشدا ماڵ و ملکەکانیان ڕووخاندوون یان، بەڕواڵەت وەک ڕێبازێک بۆ بەرگری کردن لەگەڕانەوەی دواڕۆژیشیان، ڕوخسەتی ڕووخاندنیان داوە.

هەندێک لەو بنەماڵە ئاوارە کراوانە، کاتێ لە ماڵەکەیان هەڵاتوون کە شەرکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە نیوەی دووهەمی ساڵی ٢٠١٤دا گوندەکانیانی داگیر کرد. ئەوانیتر تەنیا کاتێ هەڵاتن کە شەڕ لەنێوان هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و پێشمەرگە سەری هەڵدا و پێشمەرگە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ و هەروەها لە ٢٠١٥دا، شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکە دەرپەڕاند. هەندێک ش هەن کە هێزی پێشمەرگە، دوای ئەوەی دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەدا گرت، لەماڵیان دەریکردوون.

بنەماڵە ئاوارەکان، کە لایان وابوو بە زووبی دەگەڕێنەوە سەر ماڵ وحاڵیان، لەکاتی ئاوارەبووندا شتومەکێکی کەمیان لەگەڵ خۆیان برد یاخود هیچیان نەبرد. زۆرێکیان لە گوندەکە، یان دەوروبەری وەرزێری سەر زەویوزاری خۆیان بوون، یان مەڕ و ماڵاتی خۆیان هەبوو و نەک هەر ماڵەکانیان بەڵکوو بژیوی ژیانیشیان لەدەست چوو. بنەماڵە ئاوارەکان ئێستا لەو کەمپانەدا نیشتەجێن کە بۆ خەڵکانی ئاوارەی ناوخۆیی (ئای دی پییەکان) دانراون، کە بارودۆخیان گەلێک نالەبارە و یاریدەی مرۆڤایەتییانەش بەداخەوە ناتەواوە، یان لەو بینایانەدا دەژین کە چۆڵ یان ناتەواونەکراون و لە پاک و خاوێنی و پێداویستییە سەرەتاییەکانیشدا کورتی دێنن، زۆرێکیش هەر دەستیان بە یارمەتی مرۆڤانە ڕاناگات. بەشێکیان لە ماڵانی قەرەباڵغی خزمەکانیاندا پەنا دراون و هەندێکیتر لە ماڵی کرێگرتەدا دەژین کە دەبێ بە زووبی

---

[1] عێراق، زیاترین ژمارەی ئاوارە لە ساڵی ٢٠١٥دا، لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، ٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥:

https://www.icrc.org/en/document/iraq-highest-number-displaced-2015

[2] "جەلەولا شارێکی کوردییە. ئێمە بە بێ خوێنڕشتن دەستمان بە سەریدا گرت. هیچ هێزێکی دیکە نابێ لە جەلەولا بێت،" جەنەرال مەحموود سەنگاوی، سەرەک هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا بۆ ڕووداو، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

http://rudaw.net/english/middleeast/iraq/151120151

" ئێمە قەبوولی ناکەین جگە لە ئاڵای کوردستان، هیچ ئاڵایەکی دیکە لە شەنگاڵ هەڵبدرێت،" سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی لە ڕووداودا، ١٣ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥.

: http://rudaw.net/english/kurdistan/131120155

چۆڵی بکەن لەبەر ئەوەی پاشەکەوتیان لە تەواو بوونە.

ئاوارەکان بە هۆی ئەو مەرجەی کە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی داناون، جووڵانەوەیان بەربەست کراوە، کە ئەوەش کاری زۆری کردۆتە سەر توانای ئیش کردن، خوێندن یان تەنانەت دەست ڕاگەیشتنیان بە چاودێریی پزیشکی.[3] *"مندالەکانم چیتر ناچنە قیرگە بەهۆی ئەوەوە کە قیرگە سەرمتاییەکانی نزیک ئێرە بە کوردی وانە دەڵێنەوە لەکاتێکدا ئەوان تەنیا بە عەرەبی قسە دەکەن، هەروەها دوو کچە گەورەکەم ناتوانن زانکۆیان تەواو بکەن لەبەر ئەوەی گەیشتنە هەولێر مەسرەفی زۆری دەوێت و کەرەسەی هاتوچۆی گشتی لێرە نییە، هەروەها لەبەر ئەوەی مۆڵەتمان نییە، ناتوانین بچینە کەرکووک"* ، مامۆستایەکی ئاوارەی خەڵکی مەخموور بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت.[4]

کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆریان سەبارەت بەوە پێداین کە بۆچی دانیشتووان مۆڵەتی گەڕانەوەی سەر ماڵ و حاڵی خۆیان نییە: لەبەر ئەوەی ناوچەکان هێشتا سەلامەت نین؛ لەبەر ئەوەی دانیشتووانی عەرەبی ئەو ناوچانە هاوکاریی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن یان واهەیە هاوکارییان بکەن، یان دانیشتووان چوونەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی و ناگەڕێنەوە. کاربەدەستان ئەو دیعایە گشتییانەیان سەبارەت بە هەموو گوندنشینەکان کرد نەک ئەوەی دوای لێکۆڵینەوەی بەڕێ وجێ سەبارەت بە تاکەکەسێکی تایبەتمەند ڕایبگەیێنن، و وێدەچێت بە سەرجەم باوەڕ بەوە نەکەن کە هەندێک لەو کەسانەی وا ئەمڕۆ لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامیدان واهەیە بە هۆی جێگۆرکێی سنووریەکانەوە، لەوێ گیریان خواردبێت.[5] *"ئەم گوندانە تەواو تیرۆریستن، نەک هەر پشتگیریی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن بەڵکوو بەشێک لەویشن،"* بەرپرسێکی ئاسایش بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت.[6]

هەروەها، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شاراوە یان ئاشکرا ڕەواییان داوە بە کۆچکردنی دانیشتووانی عەرەب وەک ڕێبازێک بۆ بەرئاوەژوو کردنەوەی ئەو ڕاگواستنە زۆرەی کوردان لە دەیەکانی پێشوودا، بە تایبەت لە ڕێژیمی سەدام حسێندا، کە دەیانویست

لەڕێگەی ئەندازیاری کردنی دانیشتووانەوە ناوچە کوردییەکان 'تەعریب' بکەن. *"ئێمە تەنیا بەشێک لەوانەی وا هی خۆمان بوو وەردەگرینەوە،"* کاربەدەستێکی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت.[7]

لە مەخموور و زوممار (٦٠ کیلۆمەتریی باشووری ڕۆژئاوا و ١٧٠ کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژئاوای هەولێر)، کە دوو شاری تێکەڵاوی کورد وعەرەبن و دەوڵەتی ئیسلامی لە هاوینی ٢٠١٤ دا بۆ ماوەیەکی کورت دەستی بەسەردا گرتن، دانیشتووانی کورد لەمێژە گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵیان، لەکاتێکدا دانیشتووانی عەرەب مۆڵەتی گەڕانەوەی

[3] ئەو هاوڵاتییانەی عێراق کە دنیشتووی هەمیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق (کەی ئەر جی) نین، پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە بۆ هاتن. زوربەی ئەو ئاوارانەی وا ئێستا لەو شوێنانە پەنایان وەرگرتووە کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان، ناتوانن مۆڵەتێکی ئەوتۆ وەربگرن کە لە ناو حکوومەتی هەرێمی کوردستانیاندا ئیجازەی جووڵانی ئازادانەیان هەبێت. هەندێک لە ئاوارەکان بە هۆی هۆکاری ئاسایشەوە بەربەستی زیاتریان لەسەرە.

[4] چاوپێکەوتن، ئەینەوا، ١٣ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[5] بە گشتی زۆرێک لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی وا دەوڵەتی ئیسلامی گرتبوونی لە ماڵەکەیان نەدەڕۆیشتن لە ترسی ئەوەی شەرکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی ماڵەکانیان زەوت بکەن و لە ئەنجامدا حکومەتی عێراق بۆمبارمانیان بکات. هەندێکی دیکە لەوێ مانەوە لەبەر ئەوەی نەیاندەویست ببنە پەنابەر. ئەنجامی کار بوو بەوەی کە شەرکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرگرییان لە دانیشتوان دەکرد لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بچنە دەرەوە. ئێستا هەرکەس هەوڵ بدات لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی ڕابکات مەترسی کووژرانی لەسەرە.

[6] جێگری فەرماندەی ئاسایش، سوونی، نیسانی ٢٠١٥

[7] ئەفسەری ئاسایش، تەلنیسکۆف، تشرینی یەکەمی ٢٠١٤

شارەکانیان پێنەدراوە. لە زوممار زۆرێک لە ماڵ و دووکانی دانیشتووانی عەرەب تێک وپێکدراون یان وێران کراون و هەندێکیان دانیشتووانی کورد کەڵکیان لێ وەردەگرن.

لەکاتێکدا بۆی هەیە هەندێک ماڵ و ملکی دانیشتووانی عەرەبی ئاوارە لە شەڕدا زیانیان پێگەیشتبێت یان کاول کرابێتن، لە زۆر حاڵەتیشدا دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و لەو ماوەیەدا کە هێزەکانی پێشمەرگە دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکەدا هەبوو، تاڵان کراون، بە دەستەقەسد سووتێنراون، بەر بولدوزەر دراون یان تەقێنراونەتەوە. لە پێنج گوندی عەرەبدا (ئوم خەباری، جیری، سیبایە، ئەلسایر و خازووکە) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شنگاڵ،مانگێک دوای ئەوەی پێشمەرگە ناوچەکەی لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی دەرهێنابوو، سەرجتا لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٥دا لە لایەن میلیشیای ئێزدییەوە تاڵان کراون، ئینجا سووتێنراون. چەند مانگ دواتر، جارێکیتر هێرش کراوەتە سەر گوندەکان و بەشی زۆریان سووتێنراوە؛ ئەو ماڵانەی وا پێشتر سووتێنرابوون بەڵام بەسەر پێوە مابوون هەروەها مەزرای کێڵراوی دەوروبەری گوندەکان بەر بولدوزەر دراون.

لە نێوان تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ و تشرینی دووهەمی ساڵی ٢٠١٥دا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی سەردانی ١٣ گوند و شاری کرد کە هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان ئابی ٢٠١٤ و ئازاری ٢٠١٥ دا گرتبوویاننەوە و دانیشتووانی عەرەب مۆڵەتی گەڕانەوەی ناویان پێنەدەدرا – شاری جەلەولا، زوممار و مەخموور و گوندی جیری، سیبایە، ئوم خەباری، خازووکە، ئەلسایر، خازووکە (باکووری ڕۆژئاوا)، مەکتەب خالید (ناوەند)، بەحیزە، جومەیلی و تەبەج حەمید (باکووری ڕۆژهەڵات) – و بە وێنە سەتەلایتییەکانی هەشت لەو ١٠ گوندە و دوو گوندی دیکەشدا چووەوە،کە نەهڕەوان (ناوەند) و توبەیخ (باکووری ڕۆژهەڵات) بن، هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاوارەکانی ئەو گوندانە و ١٥ گوندی دیکەش لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەوان کرد. هەرچۆنێک بێت، دوای ڕاپۆرتی میدیاکان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ کە دەرکردنی بەزۆر و کاولکاریی ملک و ماڵیانی لەقاو داوە، لەم مانگانەی دواییدا لەلایەن دەسەڵاتداریەتی کوردەوە بەربەستێکی زیاتر لە سەر ئەو ناوچانە دانراوە.

ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەڵگەی تاوانکارییەکانی شەڕ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و دەستدرێژیی ئاشکرای شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی و لایەنەکانی دیکەی لە عێراق تۆمار کردووە.[8]

ڕێکخراوەکە ئاگاداری ئەوە هەیە کە ژمارەیەکی زۆری ئەو عێراقییانەی وا بە هۆی ئاڵوزییەکانی ناو عێراقەوە ئاوارە بوون، لە هەموو کۆمەڵگایەکی قەومی و ئایینین و بەشێکیشیان عەرەبن، لەو ناوچانەدا پەنایان دراوە کە دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بەسەرەوەیە و لەئەنجامی ئەو بارودۆخەدا دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی زۆری مرۆڤایەتی و ئاسایشی بوونەتەوە. هەرچۆنێک بێت، کەیسی بەزۆر دەرکردنی دانیشتووان و وێرانکردنی ناياسایی ماڵ و ملکی خەڵکانی مەدەنیش کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، ڕووداوی تاک و تەرا نین. ئەوانە، بە پێچەوانە، نموونەی بابەتێکی بەربڵاوترن لە پانتایی ناوچە جێ کێشەکانی باکووری عیراق، کە تێیدا ئەو لایەنانەی وا لە کۆنەوە ململانیی دەست بەسەردا گرتنی یەک لایەنەی خۆیان بە سەر ئەو ناوچانەدا کردووە، ئێستا سوورن لەسەر یەکخستنەوەی ئەو خاکانەی وا لە ئەنجامی سەرکەوتی ناو مەیدانی شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا

---

[8] ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتی، *هەڵاتن لە دۆزەخ، کۆیلایەتی جنسی لە دەستبەسەریی دەوڵەتی ئیسلامیدا لە عێراق*، ٢٣ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤،

https://www.amnesty.org/en/articles/news/2014/12/iraq-yezidi-women-and-girls-face-harrowing-sexual-violence/;

ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتی، *سڕینەوەی قەومی بە ڕێژەیەکی مێژووییی: هێرشکاریی بەبەرنامەی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کەمایەتییەکان لە باکووری عێراق*، ٢ی ئەیلوولی ٢٠١٤،

http://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/mde140112014en_0.pdf

ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتی، *بێ سزامانەوەی ڕەها: حوکمی میلیشیا لە عێراق*. ١٤ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤،

https://www.amnesty.org.uk/sites/default/files/absolute_impunity_iraq_report.pdf

گرتوویانننەتەوە.

زیاد لەوە، وا دەردەکەوێت کە ئەو دەستدرێژییانە هەندێک جار تۆڵەسەندنەوەیەک بن لە کەس وکاری دانیشتووان، یان پەیوەندە کۆمەڵگاییەکانیان یان گومانی پشتگیریی کردنیان لە دەوڵەتی ئیسلامی یان تاقمە چەکدارەکانی دیکەی وا تاوانی دڕندەیی بەربڵاویان دژ بە خەڵکی مەدەنی و هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە لەسەرە.[9]


کردەوەی ئەوتۆ پێشێلکردنی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەیە وا ڕێیاز بۆ هەڵسوکەوتی لایەنەکان لە شەڕی چەکدارانەی غەیرە نێودەوڵەتی دیاری دەکەن و مەنعی دەرکردنی خەڵکانی مەدەنی و کاولکاری و داگیر کردنی ملْک دەکەن لە دۆخێکدا کە پێداویستییەکی سوپایی زۆر پێویستی بۆ نەبێت.

گومان یان دیعایەی ناڕوون سەبارەت بەوەی گرووپێک لە خەڵک یان لە کۆمەڵگا واهەیە پشتگیری یان هاوکاریی دوژمن دەکات، پێداویستیی سوپایی زۆر لازم نین و ناتوانن ڕەوایی بدەنە سزادانی بە کۆمەڵ. ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لای وایە کەیسی وەک دەرکردنی بەزۆرەملی و کاولکاریی ملْکی خەڵکانی مەدەنی دەبێ وەک تاوانی شەڕ لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێت.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا کۆتایی بهێنێت بە وێرانکاریی نایاسایی ماڵ و ملْک، مۆڵەت بداتە ئەوانەی وا بە زۆر ئاوارە کراون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ وحاڵیان، قەرەبووی قوربانییانی ئەو تووندوتیژییانە بکاتەوە، و بەرەو ئەوە بئاژوێت کە زامنی ئەوە بکرێت ئەو کەسانەی وا بەرپرسی ئەو دەستدرێژییانەن حیسابیان لێ وەربگیرێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ سەبارەت بە دەست ڕاگەیشتنی دانیشتووان و چۆنیەتی زیان پێگەیشتنیان بە گوندەکانیان و پەیرەو و پێوانەی پێویست بۆ مۆڵەت پێدانی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و گوندەکانیان، ڕەوتێکی شەفاف بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو دانیشتوانە دابنێت کە ئاوارەی ئەو ناوچانەن وا لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەروەها داوا لە هەموو حکوومەتەکان دەکات کە یارمەتی سوپایی و غەیرە سوپایی دەدەنە حکوومەتی هەرێمی کوردستان - بە ئەندامانی ئەو هاوپەیمانیەوە وا بۆ شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی پێک هاتووە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات، وەک بەریتانیا و ئاڵمانیا و ئەوانەی دیکە کە ڕاهێنان و توانا پێدان ئاراستەی حکوومەتی هەرێم دەکەن- بۆئەوەی هەنگاوی دیار و شایانی هەڵسەنگاندن بنێن بۆ ئەوەی دڵنیا بن هەر یارمەتییەک کە دەیکەن، نابێتە کەرەسەیەک بۆ پێشێلکردنی یاسا مروڤایەتییە نێودەوڵەتییەکان وەک دەرکردنی بەزۆرەملی و وێرانکاریی نایاسایی، و بە ئاشکرا سەرزەنشتی ئەو پێشێلکارییانە بکەن.

[9] لە زوربەی حاڵەتەکاندا، کاتێ کاربەدەستانی خۆجێ یی یان ئەندامانی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتیان دەگوت گوایە کۆمەڵگا ئاوارەکراوەکان بە شێوەیەک دەستیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا هەبووە یان پشتگیرییان کردوون، هەروەها دەیانگوت گوایە ئەو دەست لەگەڵ بوون یان پشتگیری کردنانە پێش هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ناوچەکە بووە و ئەو کۆمەڵگایانە پێشتریش پشتگیریی یان هاوکاریی ئەلقاعیدە یان تاقمی هاوچەشنی ئەوانیان کردووە.


0
250 km
N
TURKEY
IRAN
SYRIA
IRAQ
JORDAN
SAUDI ARABIA
KUWAIT
Dahuk
Barzan-ke Zumar
Sinjar
Tal Afar
Mosul
Erbil
Ninewa
Makhmur
Kirkuk
Sulaymaniyah
Salah ad Din
Tikrit
Samarra
Jalawla
Diyala
Baqubah
Mandali
Anbar
Ramadi
Fallujah
Baghdad
Babil
Rutbah
Musayyib
Karbala'
Hillah
Wasit
Kut
Qadisiyah
Najaf
Diwaniyah
Maysan
Amarah
Dhi-Qar
Shatrah
Samawah
Nasiriyah
Najaf
Basra
Basrah
Muthanna
Aubayr
Towns/Villages highlighted in this report
Kurdistan region of Iraq
Disputed area
Sinjar Region, Ninewa Province
Umm Khabari
Sibaya
Chiri
Khazuka
Sayir
Sinjar
Kirkuk Region, Kirkuk Province
Kirkuk
Makhtab Khaled
Nahrawan
Jalawla Region, Diyala Province
Jumeili
Baiza
Jalawla
Tabaj Hamid
Tubaykh

شێوازی لێکۆڵینەوەکە

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نیسان و تشرینی دووهەمی ساڵی ٢٠١٥دا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ناوچە جێ ناکۆکییەکانی عێراقدا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بەڕێوە برد. توێژێنەرانی ڕێکخراوەکە بۆ دەست ڕاگەیشتن بەو ناوچانەی وا دەیانویست سەردانیان بکەن تووشی گرفت هاتن، مۆڵەتی سەدانیکردنی هەندێک ناوچەیان پێنەدرا و لە هەندێک ناوچەش داوای ڕۆیشتن و بەجێ هێشتنیان لێکرا یان لەوێ بڕانەدەرەوە. باوەکوو لە هەندێک شوێن هۆکاری مۆڵەت نەدانیان بە نەبوونی ئاسایش دانا، بەڵام وا دەردەکەوت هەوڵێکی یەکگرتوو بووبێت بۆ بەرگری لێکردنیان لە بەڵگەکۆکردنەوە سەبارەت بەو دەستدرێژیکردنانەی وا لە ناوچەکاندا ڕوویدابوو.

توێژێنەران لە ١٣ شار و گونددا لێکۆڵینەوەی مەیدانییان کرد و وتووێژیان لەگەڵ خەڵکانی ئاوارەی ١٥ گوندی دیکە لە زۆر ناوچەی جێگەی ناکۆکی و شوێنی دیکەی عێراق بەڕێوە برد. نزیکەی ١٢٠ وتووێژیان لەگەڵ ئەو تاکانە کرد وا ئەزموونی دەستدرێژی کرانەسەریان هەبوو یان بە چاو بینیبوویان. هەموو وتووێژەکان بە نهێنی و بێ ئامادەبوونی کاربەدەستان و بە بێ هیچ دەست تێوەردانێک بەڕێوە بران.

توێژێنەرانی ڕێکخراوەکەهەروەها چاویان بە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش لە شوێنی جیاجیا کەوت بۆ ئەوەی زانیاری سەبارەت بە کارەکانیان دەست بخەن. ئەوان هەروەها چاویان بە کاربەدەستانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان، مافناسان و ڕۆژنامەنووسان کەوت.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەروەها سەیری وێنە سەتەلایتەکان و وێنە و ڤیدیۆی سەرچاوەکانی دیکەیان کرد و هەڵیان سەنگاندن، کە هەندێکیان لەبەر دەستی ڕای گشتیدان، و لەوانە، ڕاپۆرتی میدیاکان و ڕێکخراوەکانی تر.

لە زوربەی حاڵەتەکاندا، ناوی ئەو کەسانەی وا کارەکانین بەسەر هاتووە و ئەو شایەدانەی کە کێشە و شایەدیدانیان خراوەتە دوو توێی ئەم ڕاپۆرتەوە، گۆڕاوە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ دا ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی نامەی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان نووسی و داوای زانیاریی سەبارەت بە عەمەلیاتی سوپایی و دۆخی ئێستای ئەو شوێنانە لێکردن کە لەم ڕاپۆرتەدا بەرجەستە کراونەتەوە. تاکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە هیچ وەڵامێک نەگەیشتوتە دەستمان.

پێشەکی

لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی عێراق، کە بەزۆری لەژێر دەستی عەرەبدایە، و حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کەی ئار جی)، کێشەیەکی درێژخایەن سەبارەت بە کۆنترۆڵی ناوچەکانی باشووری هێڵی سەوز هەیە، کە لە ساڵی ١٩٩١ دیاری کراوە و سنووری نێوان هەرێمی نیوە سەربەخۆی کوردستان لەگەڵ پاشماوەی عێراق دیاری دەکات. ناوچە جێ ناکۆکییەکان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای عیراق لەگەڵ سووریاوە تا سنوورەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران دەکێشرێن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر ئێستا ڕادەیەک لە دەسەڵاتێکی بەکردەوەی بە سەر بەشێک لە ناوچە جێ ناکۆکییەانی دوای هێرشی ساڵی ٢٠٠٣ ی هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دا سەپاندووە، ئەوەش دوای ئەوەی پێشمەرگە وەک هێزی چەکداری حکوومەتی هەرێم توانیان بە یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بچنە پێشەوە.

دوای ئەوەی شەڕکەرانی دەولەتی ئیسلامی دووهەم گەورە شاری عێراق واتە مووسڵیان گرت و هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی عێراق لەسەرجەم باکووری عێراق پاشەکشەیان کرد، هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرەتاکانی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا دەسەڵاتی بە کردەوەیان بە سەر زوربەی ئەو ناوچانەدا سەپاند. لە مانگەکانی دواتردا شەڕکەرانی دەولەتی ئیسلامی بەشێک لەو ناوچانەیان گرتەوە کە دەسەڵاتی تەنیای پێشمەرگەیان بەسەرەوە بوو. لە هەمووان خراپتر ئەوە بوو لە ٣ ی مانگی هەشتی ٢٠١٤ دا هێزەکانی دەولەتی ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ناوچەی شنگاڵ و هەزاران کەس لە خەڵکانی مەدەنیی کەمایەتیی ئێزدییان بە بارمتە گرت، سەدان پیاویان کوشت و ژنان و کچانیان خستە کۆیلەتی جنسی و شێوازی دیکەی ئەشکەنجە و ئازارەوە.

گرتنی مووسڵ لە لایەن دەولەتی ئیسلامییەوە تەکان و نیگەرانی لە عیراق و ئەولاتر پێک هێنا و هانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دا بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکی سوپایی بەناوی "چارەسەری خۆیی" لە ١٥ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا.[10] هەرچۆنێک بێت، ئەوە خراپەکارییەکانی دەولەتی ئیسلامی لە شنگاڵ و پێشڕەوییەکانی دواتری لە شار و گوندەکانی نزیک ئەوێ بە دانیشتووانی مەسیحی و کەمایەتییەکانی دیکەوە بوو کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ تێوەگلانی زیاتری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە پشتگیری کردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی.

کاتێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراوی مرۆڤایەتی و ئاسایشی بووەوە و سەدان هەزار ئاوارەی ڕاکردوو لە کوشتاری دەولەتی ئیسلامی داوای پەناگرتن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و پێشمەرگەش تاقە هێزێک بوو کە لەسەر زەوی مابووەوە بتوانێت بەرگری لە پێشڕەوییەکانی دەولەتی ئیسلامی بکات، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەنگاوی هەڵگرت بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆڤانە و سوپایی ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات.[11]

---

[10] وەزارەتی دیفاعی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، "عەمەلیاتی چارەسەری خۆیی: عەمەلیاتی لێدانی تیرۆریستانی دەولەتی ئیسلامیی عێراق و شام"،

http://www.defense.gov/News/Special-Reports/0814_Inherent-Resolve (Accessed 19 January 2016)

[11] وڵاتانێکی گەلێک زۆر (لە ناویاندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، شانشینە یەکگرتوکان، ئیتالیا، ئاڵمانیا، فرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی، ئوسترالیا و ڕووسیا) لە شێوەی چەک و کەرەسەی دیکەی سوپایی، ڕاهێنان، ڕێنومایی کردن و توانا پێکهێناندا یارمەتی سوپاییان داوەتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر، بۆنموونە بڕوانە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، "چەکدار کردنی کوردی عێراق: شەڕکردن لەگەڵ دەولەتی ئیسلامی، بانگەوازی گرژیی"، ١٢ ی ئەیاری ٢٠١٥:

http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/Middle%20East%20North%20Africa/Iraq%20Syria%20Lebano



پێشمەرگە لە سنوونی © Amnesty International

تا سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان کرد بە پێشکەوتی زۆر دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی و لە مانگی دە و دوازدەی ئەوساڵەدا شاری زوممار و سنوونی و گوندەکانی دەوروبەریان لە پارێزگای نەینەوا یەک لە دوای یەک گرتەوە. هەردوک ئەو شارانە پێش دەست بەسەردا گرتنی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەی فەرمی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی عێراقدا بوون. ئەو بەلادا شکانە لە ساڵی ٢٠١٥ شدا درێژەی کێشا، و پێشمەرگە لە تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا هێزی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە بەشێکی زۆری ناوچە جێ ناکۆکییەکان ڕاوەدوونا.

لە هەندێک شوێندا هەندێک گرووپی شەڕڤانیش شانبەشانی پێشمەرگە شەڕیان کرد. بۆ نموونە، میلیشیای ناسوپایی شیعە کە حکوومەتی ناوەندیی عێراق پشتگیری دەکردن، عەمەلیاتێکی هاوبەشیان لەناو و دەرەوەی شاری

---

n/Iraq/158-arming-iraq-s-kurds-fighting-is-inviting-conflict.pdf

هەروەها، ئەنستیتوتی پرۆژەکانی ئەمەریکی، "کۆنگرە دەبێ پشکنینی ڕاستییەکان سەبارەت بە کورد بکات"، ٢٨ ی تەمووزی ٢٠١٥:

https://www.aei.org/publication/congress-should-fact-check-the-kurds/

ڕۆژهەڵاتیی جەلەولا بەڕێوە برد، وەک چۆن میلیشیای ئێزدی و گرووپە چەکدارە کوردەکانی سووریا و تورکیا لە ناوچەی شنگاڵ کردیان. کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەوری هێزێکی جگە لە هێزی پێشمەرگەیان بە کەم داناوە یان بە ئاشکرا داویانەتە دواوە، بەڵام بۆ دەستدرێژیکردن لە شوێنی عەمەلیاتە هاوبەشەکانیاندا، لۆمەی ئەو گرووپانەیان کردووە.[12]

ناوچە جێ ناکۆکییەکان

دوابەدوای ڕاپەڕینی کورد لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا، حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە ناوچە جێ ناکۆکییەکاندا سیاسەتی دەرکردنی بەزۆرەملیی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی بەڕێوە دەبرد. لە هەنگاوێکدا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووانی ناوچەکە، عەرەبی سوننە و شیعەی شوێنەکانی دیکەی وڵات خاکیان پێ دەدرا و هان دەدران لەوێ نیشتەجێ بکرێن.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا سوپای عێراقی زنجیرەیەک عەمەلیاتی ناسراو بە هێرشی ئەنفالی دژ بە دانیشتووانی کورد بەڕێوەبرد کە تایبەتمەندییەکەی بریتی بوو لە پێشێلکردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ بە تاوانەکانی شەڕ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە. ئەو کردەوانە بریتی بوون لە ئیعدامی دژە یاسا بەڕێژەیەکی گەورە، هێرش کردن بە چەکی کیمیاوی کە هەزاران کەسی لە شاری هەڵەبجە و گەلێک گوندی دیکە پێکووژرا، و کاولکارییەکی بە کۆمەڵی سەدان گوند و زۆر شار، دەرکردنی بە زۆرەملیی سەدان هەزار کەس، و گرتن و دەستبەسەر کردنی نابەجێ.

ڕاپەڕینێکی کوردی لە ساڵی ١٩٩١ دوا بەدوای یەکەم شەڕی خەلیج، بە هۆی ئەو ناوچەی مەنعی فڕینەی وا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شانشینە یەکگرتووەکان و فڕنسا دایانمەزراند و ناوچەکەی کردە شوێنی یاساخکراو بۆ هێزی هەوایی عێراق، گەییە ئەنجامی دامەزرانی حکوومەتی نیوە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە بەشی باکووری ناوچە جێ ناکۆکییەکان.[13]

دوای هێرشی ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و داگیر کردنی وڵاتەکە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرە بەرە بە سەر هەندێک بەشی ناوچە جێ ناکۆکییەکاندا دەسەڵاتی زیاتری سەپاند کە چارەنووسەکەی بە گۆڕەی یاسای بنەڕەتیی ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق، دەبوایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕێگەی ڕاپرسیی گشتییەوە دیاری بکرایەت14، ڕاپرسییەک کە تا ئەمڕۆش چاوەڕێی بەڕێوە بردن ماوەتەوە

---

[12] ئیندیپێندنت، "جەلەولا: شاری عێراق دوای ئەوەی لە دەست دەولەتی ئیسلامیی عێراق و سام ئەستێنرایەوە، وەک شارەچۆل ماوەتەوە"، ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/jalawla-iraqi-city-remains-a-ghost-town-after-being-recaptured-from-isis-a6770976.html (لە ١٩ ی کانوونی دووهەمدا بینراوە)

سکاوت وۆریەر، "جەلەولا: شارێکی وونبووی عێراق"، ١٤ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦،

http://www.scout.com/military/warrior/story/1501741-jalawla-a-lost-iraqi-city (Accessed 19 January 2016)

باس نیووز، "فەرماندەی ئێزدی: پەکەکە و یەپەگە گرژی لە نێوان کورد و عەرەبدا دەنێنەوە"، ١٥ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦،

http://basnews.com/index.php/so/news/119869 (لە ١٩ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦دا بینراوە)

[13] دووهەم ناوچەی مەنعی فڕین جارێکیش لە باشووری عێراق دامەزرا بۆئەوەی پارێزگاریی کۆمەڵگا شیعەکان بکات کە ئەوانیش دوای ڕاپەڕینی شیعەکان لەوێ، لە مەترسی تۆلە لێ سەندنەوەدا بوون

[14] بڕوانە وەزارەی ناوخۆی عێراق، بەڕێوەبەرایەتی نەتەوایەتی، یاسای بنەڕەتی عێراق،

http://www.iraqinationality.gov.iq/attach/iraqi_constitution.pdf

گەرچی سیاسەتمەداران و ڕێبەرانی کۆمەڵگای کوردیش و عەرەبیش لە ڕێگەی گێڕانەوەی جیاکردنەوەی قەومییەوە کە بۆ پەسند کردنی بۆچوونەکەیان بەرهەم هێناوە، دیعایەی ئەوە دەکەن کە تەنیا خۆیان خاوەنی ناوچە جێ ناکۆکییەکانن، بەڵام ئەو ناوچانە یەک لەو شوێنانەی وڵاتەکە پێک دێنن کە خاوەن چەشنایەتی زۆرە- واتە شوێنی ژیانی کۆمەڵگای زۆری قەومی و ئایینییە. ئەوانەش بریتین لە ئاشۆری و کلدانی، فەیلی، کاکەیی، شەبەک، تورکمان (سوننە و شیعە)، ئێزدی- لەگەڵ عەرەب (کە زوربەیان لە هەموو وڵاتەکەدا شیعەن) و کورد (کە زوربەیان سوننەن).

لە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ دا هێڵی هەڵەی قەومی و ئایینی بەرینتر بۆتەوە و پانتایی نوێی بەخۆیەوە گرتووە. لە کاتێکدا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ڕقەبەرایەتییەکی خراپی فیرقەیی سوننە و شیعە ناوەندی عێراقی لەخۆ گرتووە، دەسەڵاتداریەتی کورد کەڵکیان لە دەرفەتی خولقانی بۆشاییەکە وەرگرتووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دێفاکتۆ [بە فەرمی ڕانەگەیێنراو]ی خۆیان بە سەر ناوچە جێ ناکۆکییەکاندا مسۆگەر بکەن. ئەوان ویستوویانە ئەو ڕاستییە بەرئاوەژوو بکەنەوە کە سیاسەتی "تەعریب" ی بە زۆرە ملیی ڕێژیمی سەددام حوسەین لە دەیەکانی پێشوودا بووە هۆی شەپۆلێکی نیشتەجێ کردنی عەرەب[15]، ، و هەوڵیان داوە و گوشاریان خستۆتە سەر کۆمەڵگا کەمایەتییەکان بۆ ئەوەی بە کورد بناسرێن.[16]

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ نێوان ناخۆشیی نێوان کۆمەڵگاکانی لە ناوچە جێ ناکۆکییەکاندا بە ڕادەیەکی گەلێک زۆر، خراپتر کردووە. هەرەشەی ئاشکرا لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە و بەو قسە پووچانەی وا سەبارەت بە غەیرە سوننە و غەیرە عەرەب دەیکەن[17] شەپۆلێک لە هەستی دژایەتیکردن لەگەڵ عەرەب لە نێو کۆمەڵگای کورد و قەومیەت و ئایینەکانی دیکەی ناوچە جێ ناکۆکییەکاندا وەڕێ کەوتووە.

وێرانکردنی ماڵ و ملکەکان

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ماڵ و ملکێکی زۆری لە گوند و شارەکانی پارێزگای نەینەوا، کەرکووک و دیالە بە سووتاوی بینی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان ئەیلوولی ٢٠١٤ و ئازاری ٢٠١٥ دا لە دەست شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی سەندبوویانەوە و ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان. دە لە ١٢ گوند کە لە تۆژینەوەی مەیدانیدا پیاچوونەوەیان لەسەر کراوە، بە تەواوەتی یان کەم و زۆر بە تەواوەتی، وێران کراون و دوانەکەی تریش زیان و وێرانیی ئەوەندە زۆریان پێگەیشتووە کە ڕادەی زیاترە لەو زیانەی وا چاوەڕوان دەکرێت لە شەڕی بەربلاوی سەر زەویشدا بەرهەم بێت. لە هیچکام لەو ناوچانەدا هەواڵی بۆمباباران هەوایی، ئەگەریش بووبێت، زیاد لە جار وبارمەیک ڕانەگەیێنراوە، و هیچ چاڵێکی ئەوتۆ کە شوێنی بۆمباردمانی هەوایی بێت لەوێ نەدۆزرایەوە. لە ماوەی تۆژینەوە مەیدانییەکەدا سەیارەی بولدوزەر لە یەک لە گوندە کاولبووەکان کەوتنە بەرچاو و لە سێ گوندی دیکەدا نیشانەی وێچووی کامیۆن لە وێنە سەتەلایتییەکاندا بینران، کە لەگەڵ شایەدیدانی ئەو دانیشتوان و بینەرانەدا یەکی دەگرتەوە وا بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیای ئێزدی بۆ وێرانکردنی گوندەکان کەڵکیان لە بولدوزەر وەرگرتووە. لە ماوەی تۆژینەوەکە، لە پێنج گونددا ژمارەیەکی زۆری بینایەی سووتاو کەوتنە بەرچاو و لە سێ گوندی دیکەش وێنە سەتەلایتییەکان دەریانخست کە ژمارەیەکی گەلێک زۆر لەو بینایانەی وا

هەروەها بڕوانە: کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردی، بەندی ١٤٠: یاسای بنەڕەتیی عێراق، کەرکووک و شوێنە جێ ناکۆکییەکان،

http://www.kncna.org/docs/pdf_files/oleary_paper.pdf

[15] چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، "دیعایە لە گرژیدا: بەرئاوەژووکردنەوەی سڕینەوەی قەومی لە باکووری عیراق"، ٢٠٠٤

https://www.hrw.org/reports/2004/iraq0804/

[16] چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، "سەبارەت بە زەمینە ناسکەکان:دەستدرێژی کردنە سەر کۆمەڵگای کەمایەتییەکان لە ناوچە جێ ناکۆکییەکانی پارێزگای نەینەوا"، ٢٠٠٩

https://www.hrw.org/report/2009/11/10/vulnerable-ground/violence-against-minority-communities-nineveh-provinces-disputed

[17] گەرچی زوربەی قوربانییانی دەستی دەوڵەتی ئیسلامی موسوڵمانن، بەڵام قسەکانیان بە زۆریی دژ بە غەیرە سوننە و غەیرە عەرەبن.

بە سەر پێوە ماون، سەربانیان نەماوە، کە پێشاندەدات بینایەکان سووتێنرابێتن، و ئەوەش لەگەڵ قسەی دانیشتووان و شایەدەکاندا یەکی دەگرتەوە کە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە شوێنەکانیان گرتبوونەوە، ئاگریان بینیوە کە لە گوندەکاندا کەوتوتەوە.

لەو شار و گوندانەدا کە توێژینەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی توانیان دەستیان پێڕابگەیێنن، چوار شێوازی وێرانییان چاو پێکەوت: زوربەی ماڵەکان بە شێوەیەک سووتێنرابوون یان بەر بۆلدۆزەر کەوتبوون (شوێنی لێدانی بۆلدۆزەرەکان دیار بوو) کە دیوارەکانیان بە تایبەتی یان بە تەواوەتی بڕووخێنرێن. زوربەی ئەو بینایانەی وا ڕووخابوون پێشتر سووتێنرابووشن. لە گوندێک کە سەرجەم ماڵەکانی تەقێنرابوونەوە ئەندامانی پێشمەرگە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت بۆیە تەقاندوویانەتەوە کە دانیشتووانی هەرگیز نەگەڕێنەوە. دوو گوند بە تەواوەتی ڕووخێنراو و لەگەڵ زەویدا تەخت کرابوون، یەکیان پێشمەرگە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت دوای ئەوەی گیراوەتەوە ڕووخێنراوە بۆئەوەی شوێنێکی بۆش دروست بکرێت. توێژینەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە هیچکام لەو گوندانەدا کە سەردانیان کردن نیشانەی شەڕ وپێکدادانی زۆریان وەک هۆکارێکی گرنگ بەرچاو نەکەوت یان قاپۆر و کڕکڕاگەی بەکارنەهاتوویان نەدۆزییەوە.

پارێزگای دیالە، گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری جەلەولا

شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا هێرشیان کردە سەر جەلەولا و ناوچەکانی دەوروبەری، لە ناوەڕاستەکانی حوزەیراندا بەشێکی و لە مانگی ئابدا پاشماوەکەی. پێکدادانی ناو شار و دەوروبەری تا کۆتاییەکانی تشرینی دووهەمی ٢٠١٤ درێژەی کێشا، واتە کاتێک کە شار و ناوچەکانی دەوروبەری لەلایەن هێزی پێشمەرگە و ئەندامانی چەند تاقمی میلیشیای شیعەوە، کە بە ئیجازە و پشتگیریی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و بشتگیریی ئێران هەڵدەسووڕان، لێیان وەرگیرایەوە.[18]

هەموو دانیشتووانی جەلەولا، دەوروبەری ٨٧٠٠٠ کەس وهەزاران کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری ئاوارە بوون. زۆرێکیان کاتێ هەڵاتن کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی هاتن و ئەوانیتر دوای ئەوە ڕۆیشتن کە شەڕ سەری هەڵدا بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیای شیعە جوولانەوە بۆ ئەوەی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکان وەدەربنێن. زیاد لە ساڵێک دوای ئەوەی جەلەولا و دەوروبەری لە دەست شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی دەرهێنراوەتەوە، دانیشتوانیان مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان پێ نەدراوە. زۆرێکیان هیچیان نەماوە بگەڕێنەوە سەری لەبەر ئەوەی ماڵ و ملکەکانیان تاڵان کراوە و لەناو براوە- هەندێکیان بە دەستهەسد لە لایەن شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەندێکیان لە شەڕدا، و هەندێکیشیان بە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیای شیعە دوای ئەوەی ناوچەکە لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی دەرهێنرایەوە. شاری جەلەولا، کە زوربەی دانیشتووانی عەرەب بوون[19]، لە شەڕدا زیانی گەلێک زۆری پێگەیشت، بە تایبەت لە ناوچەی باشووری شار واتە

---

[18] ڕۆیتەرز، "ملەملێ لەو شارەی عێراق وا لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی ئەستێنرایەوە ئاشکرا دەبێت"، ٨ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٤؛

http://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-jalawla-idUSKBN0JM16E20141208

(لە ١٩ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦ دا بینراوە)

ڕوداو، "جەلەولا: شارە چۆڵیکی بێ یاسای پێشمەرگە و میلیشیا شیعەکان، ١٦ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤،

http://rudaw.net/english/middleeast/iraq/161220141 (لە کانوونی دووهەمی ٢٠١٦دا بینراوە)

دەیلی بیست، شەڕی کورد و شیعە لە پشتەوەی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق وشام"، ١٦ ی ئەیاری ٢٠١٥،

The Daily Beast, "The Kurd-Shia War Behind the War on ISIS", 6 May 2015, http://www.thedailybeast.com/articles/2015/06/05/the-kurd-shia-war-behind-the-war-on-isis.html (لە ٢٩ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦ دا بینراوە)

[19] جەلەولا شارێکی تێکەڵاو بوو، بە گوێرەی مێژووەکەی زۆربەی خەڵکی ئەوێ کوردبوون، بە ژمارەیەکی زۆری کەمایەتی تورکمان و کۆمەڵگاکانی دیکەوە، بەڵام زۆرێک لە دانیشتوانی غەیرە عەرەب لە ماوەی چەند دەیەی پێشوودا، گرنگترینیان نێوان ١٩٧٠کان تا ١٩٩٠کان و ئەوەی وا پێی دەگوترا هەوڵی "تەعریب" لە لایەن ڕێژیمی سەددام حسێنەوە، مەجبوورکران بەجێی بهێڵن. زۆرێک لە کوردەکان دوای ساڵی ٢٠٠٣ گەڕانەوە شارەکە بەڵام لەبەر هۆکاری نەبوونی ئاسایش، دواتر گەڕانەوە. ژمارەی دانیشتووان کە لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی

تەجنید، ئەو شوێنەی وا بنکەی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لێبوو، لەگەڵ وەحدە لە نزیک ئەوێ[20]. پێشمەرگە و میلیشیای شیعە کە هەردوکیان شەڕی دەوڵەتی ئیسلامییان کرد و دیعایەی ئەوەش دەکەن کە خۆیان دەوری سەرەکییان لە گرتنەوەی ناوچەکەدا بینیوە، بەڵام لۆمەی یەکتریش دەکەن بۆ تاڵان و بڕۆ و ڕووخاندنی ماڵ و دووکان و بازاڕ[21]. لۆمەی وێران کردن تەنیا لە نێوان پێشمەرگە و میلیشیای شیعەدا نەبووە بەڵکوو تاقمی جیاجیای میلیشیا کە لە عەمەلیاتەکەدا بەشدار بوون بە سەر یەکتریاندا هێناوە.[22] ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە بە شرۆڤەیەکی تەواو لە بارودۆخی وێرانکردن و زیان گەیاندنی ماوەی شەڕ و دەست بەجێ دوای گرتنەوەی شار لە مانگی تشرینی دووهەمی ٢٠١٤ بکۆڵێتەوە. پێویستە لە مەسەلەی زیان پێگەیاندن و ڕووخاندنەکان و بۆ سەلماندنی دەور و بەرپرسیایەتییەکانی گەلێک لەوانەی وا لە کات و ساتی جیاوازی دوای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا، لە شارەکە عەمەلیاتیان کردووە، لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر بکرێت.

کوردستانەوە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی درابێت، لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە بە ژمارەی دانیشتوانی حەرەبەوە کە سەدا ٧٠ تا سەدا ٩٠ە.

[20] یونۆسات، "هەڵسەنگاندنی زیانی جەلەولا، پارێزگای دیالە، عێراق"، ٢٦ ی حوزەیرانی ٢٠١٥،

http://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/UNOSAT_A3_Portrait_Jalawla_Damage_20150206.pdf (لە ١٩ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٦ دا بینراوە)

[21] بەڕێوەبەری شاری جەلەولا، ئەبوو ئەحمەد، کە لە ساڵی ٢٠١٥دا لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراوە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت: "سەدا ٨٩ ی پۆلیسی جەلەولا [پێش ئەوەی شارەکە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە داگیر بکرێت] تیرۆریست بوون، و دوای ئازاد کردنی لە لایەن میلیشیای خۆراسانییەوە کە بەشێکن لە حەشدی شەعبی (پی ئێم یوو، وا زۆربەیان میلیشیای شیعەن و سەربەخۆ لە هێزەکانی سوپا و ئاسایشی عێراق هەڵسووڕان دەکەن، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی سەرەک وەزیرانی عێراقیدان) ٧٢ تیرۆریست هاتنە جەلەولا. میلیشیای خۆراسانی بینایەکانی جەلەولایان سووتاند و تاڵان کرد و ئەو خەڵکانەشیان گرت وا گەڕابوونەوە ناو جەلەولا بۆ ئەوەی شتوومەکی خۆیان هەڵبگرن و بۆ بەردانیان داوای پارەیان لێدەکردن. جا ئێمە ئەوان [میلیشیاکانمان] لە جەلەولا دەرکرد و ئێستا هیچ کەسی حەشدی شەعبی لە جەلەولادا نەماوە.")چاوپێکەوتن، جەلەولا، ١٧ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥).

هەروەها بڕوانە: بووتیووب، "دەوڵەتی ئیسلامی (داعش): ئەنجامی فیرقەگەرایی لە جەلەولای عێراق؛ ڕۆژنامەنووس ڕۆژ ئەحمەد شوێنی چالاکی مافەکانی مرۆڤ سەلام عەبدوڵڵا هەڵدەگرێت و بەڵگە لەسەر ئەنجامەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی (ئای ئیس) لە شاری چەند قەومی و جێگەی ناکۆکیی جەلەولا لە باکووری عێراق هەڵدەگرێت"؛ ١٠ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥:

https://www.youtube.com/watch?v=KZh3ZXtZIKw (Accessed 19 January 2016)

[22] ئەندامێکی میلیشیای بەدر بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت کە ئەندامانی میلیشیای خۆراسانی بەرپرسی تاڵانکردن و سووتاندنی ماڵ و دووکانەکانی جەلەولان، و ئەندامێکی میلیشیای سەرایەی ئەلسەلام بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێوندەوڵەتییی گوت کە میلیشیاکانی بەدریش ماڵەکانی شاریان ڕووتاندەوە و سووتاندیانن و تێک وەکانیان دان.



بازاڕی وێرانبوو لە جەلەولا © Amnesty International

لە هە مان کاتدا، بە گوێرەی هەواڵ، تاڵان و زیان گەیاندن بە ملکەکان لە جەلەولا بەردەوامە. دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەر بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێو نێودەوڵەتییان گوت لەم دواییە، واتە لە کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ دا سەیارەی پیکاپیان بینیوە چوون بۆ جەلەولا و لە گەڕانەوەدا باری دەرگا، پەنجەرە، دەستشۆر، کەرەسەی کارەبایی و شتوومەکی دیکەیان پێ بووە کە لە ماڵ و دووکانانیان هەڵگرتبوو. دوو پیاوی پۆلیسی خەڵکی ناوچەکە بە ڕێکخراوەکەیان گوت هەم ئەندامانی هێزی پێشمەرگە و هەم خەڵکانی سەربەخۆ لەو تاڵانەدا بەشدارن، خەڵکەکەش بە ڕوخسەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەیکەن لەبەر ئەوەی چوونە ناو شارەوێرانەکە لە کۆنترۆڵی ئەواندایە. یەک لە ئەفسەرەکان بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت:

"ئەگەر پێشمەرگە بچێتە ناو جەلەولا و بە چەند دەرگا و دەستشۆرێکەوە بگەڕێتەوە واهەیە واتای هیچی نەبێت جگە لەوەی لە ماڵی خۆیانیان هێناوەتە دەرەوە، بەڵام ئەوە بە شێوەیەکی ڕەها وانییە لەبەر ئەوەی کاتێ ئەوان چەند جار بە شوێن یەکدا پڕ بە لۆرییەک دەهێنن. هیچ پێشمەرگەیەک ئەوەندە ماڵی نییە، و ئەوان هەر بەگشتی خەڵکی شارەکە نین."[23]

گونده عەرەبەکانی نزیک ئەوێ کە لە لایەن پێشمەرگەوە وەرگیراونەتەوە، تووشی وێرانییەکی زۆر هاتوون، بەشی زۆریشی کاتێک ڕوویداوە کە شەڕ تەواو ببوو. شەدداد حسەین، باوکی پێنج منداڵ و خەڵکی جومەیلی ، گوندێک لە ١٢ کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژئاوای جەلەولا، کە پێشتر ماڵی ٧٥٠ بنەماڵەی لێبوو، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"من لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بنەماڵەی خۆمم هەڵگرت و جومەیلیم بەجێ هێشت لەبەر ئەوەی

[23] چاوپێکەوتن، دیالە، ١٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

داعیش هاتە ناوچەکە. هەرگیز مۆڵەتی گەڕانەوەم پێنەدرا؛ مۆڵەت بە کەس نادرێت. پێشمەرگە لە ٢٤ ی تشرینی دووهەمدا ناوچەکەی گرتەوە و پاشان هەموو گوندەکەیان خاپوور کرد. ئەوان خۆیان کەڵک لە پێنج ماڵ وەردەگرن و ماڵەکانی دیکەیان بەر بوڵدوزەر داوە. ئێمە لە دوورەوە دەتوانین سەیری بکەین بەڵام ناتوانین بچینەوە ناوی. هەرچۆنێک بێت، ئێستا هیچی لێ نەماوە کە بچینەوە سەری. سەرجەم ئیش و کاری هەموو تەمەنم و داهاتووی منداڵەکانم بوو، ئەوان هەموشتێک دەڕووخێنن، هەموو شتێکیان لەناو بردووە." [24]

دانیشتوویەکی دیکەی جومەیلی، محەممەد عەلی، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت پێشمەرگە ماڵی خۆی و براکەی خاپوور کردووە، هاوڕێ لەگەڵ پاشماوەی گوندەکە، کە زوربەی وێران کراوە.

"من و براکەم هەرکام هەشت منداڵمان هەیە. ماڵمان وێران کراوە و بژیومان لەناو چووە. ئێمە وەرزێر بووین و ئێستا چیتر ناتوانین بچینەوە سەر زەویەکەمان. ئێمە هەموو شتوومەکێکمان لە ماڵەکەماندا بەجێ هێشت و ئێستا هەمووی فەوتاون."[25]

دانیشتوویەکی دیکە، سەعید حەمید، گوتی ڕۆژی ٢٣ ی ئابی ٢٠١٤ کاتێ هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیای شیعە بەرەو شوێنی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی جووڵان، منیش لە جومەیلی ڕۆیشتم. ناوبراو گوتی تا ئەو دەمە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە نزیک گۆلەکە دامەزرابوون کە هەندێک لە گوندەکەمان دووره.

"کەس و کاری خۆم هەڵگرت و لە ترسی پێکدادانی دوو لایەنەکە و گیرخواردنمان لە نێویاندا، گوندمان بەجێ هێشت. کاتێ ناوچەکە لە کۆتاییەکانی تشرینی دووهەمدا ئازاد کرا، منیش هەوڵمدا بچمەوە ناو گوند، بەڵام کاتێ گەیشتمە بازگەی پێشمەرگە، باوەکوو وەرقەی ئۆفیسی قەرتەپەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (حزبی سەرەکیی کوردی لە ناوچەکە)شم پێبوو، کە مۆڵەتی پێدەدام بچمەوە ماڵێ و هەندێک شتوومەکی خۆم هەڵبگرم، گوتیان ناتوانی بڕۆی. سەرەتا جگە لە موختار (سەرۆکی گوند)، هیچکەس مۆڵەتی گەڕانەوەی پێ نەدەدرا بۆ ئەوەی بچێت حەیوانەکانی بێنێتە دەرەوە. دەزانم پێشمەرگە گوندەکەی وێران کرد، چونکوو لە دوورەوە دەمبینی. نەک هەر ماڵەکەی من، هەموو گوندەکە تەخت کرا. ئێمە هەموومان لە یەک بارودۆخداین. نازانم بۆچی وایان کرد. هیچ هۆکارێکی بۆ نەبوو." [26]

تۆژێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا سەردانی ناوچەکەیان کرد. کاتێ لەوێ بوون پێشمەرگە ڕایانگرتین و بردیانینە چاوپێکەوتنی فەرماندەرەکەیان لە ماڵێکدا لە جومەیلی کە پێشمەرگە وەک بنکەی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرت.[27] فەرماندەر مۆڵەتی بە ڕێکخراوەکەمان نەدا سەردانی ناوچەکە بکەین و پێشمەرگە لەگەڵمان کەوت و لە ناوچەکە بردینیە دەرەوە بە بێ ئەوەی مۆڵەتی وێنەگرتن یان فیلم هەڵگرتن لە وێرانیەکانمان پێ بدات. هەرچۆنێک بێت، لە ماوەی سەردانەکەدا توێژێنەرانمان هەستیان بە خەفەتێکی زۆر کرد. جیا لە تاقمێکی بچووکی ماڵ کە پێشمەرگەی تێدا نیشتەجێ بوون، هەموو بینایەیەک کە دەکرا لە بەشی سەرەکیی گوندەکەدا ببینی، وێران کرابوو. زەوی پڕ بوو لە شتوومەکی تێک شکێنراوی ناوماڵ کە وێدەچوو کەوتبێتنە بەر بوڵدوزەر. شی کردنەوەی وێنە سەتەلایتییەکانیش پیشانی دەدا کە ٩٥٪ ی هەموو دیوار و بینایە نزمەکان لە بەشی سەرەکی گوندەکەدا خاپوور کرابوون. لەو بینایانەش وا مابوونەوە، زوربەی سەربان و پەنجەرەکان زیانیان پێگەیشتبوو یان خاپوور کرابوون. لە نزیک کۆمای خاک وخۆڵ و شتومەکی شکاو، واتە ئەو شوێنانەی وا پێشتر دیوار و بینایەی لێ وەستابێت، شوێنی وا، کە بۆی هەبوو شوێنی بوڵدوزەر بێت، بەرچاو دەکەوتن.

---

[24] چاوپێکەوتن ، دیالە، ١٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[25] چاوپێکەوتن ، دیالە، ١٩ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[26] چاوپێکەوتن ، دیالە، ١٩ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[27] گوندی جومەیلی، دیالە، ١٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥



نیشانەکانی وێرانی لە جومەیلی (پێشتر و دواتر)DigitalGlobe ©

لە سەر ڕێگای چوون بۆ جومەیلی، تۆزێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە گوندی تەبەج حەمیددا ڕۆیشتن کە ٥ کیلۆمەتر کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای جەلەولا و وایان بەرچاو کەوت کە بە تەواوەتی تەخت کرابێت؛ هەروەها گوندی بەحیزە کە لە پێنج کیلۆمەتریی باشووری جومەیلییە و لەوێش کاولکارییەکی بەربڵاویان بینی. وێنە سەتەلایتییەکان و شیکردنەوەیان سەبارەت بەو دوو گوندە دەریخست کە تەبەج حەمید بە تەواوەتی تەخت کرابێت و تاقە یەک بینایەشی تێدا نەمابێت کە بەسەر پێوە بێت. شوێنێک کە دەگونجا هی بولدوزەر بێت لە نزیک کۆمای خاک و خۆڵ و شتوومەکی شکاو دەبینرا کە پێشتر دیوار و بینایەی تێدا بوو؛ هەروەها لە بەحیزەدا ٪٥٠ ی هەموو سەربانەکان زیانیان پێگەیشتبوو یان خاپوور کرابوون کە وێدەچوو بەهۆی ئاگر کەوتنەوە بێت.

ماهیر نوبول، باوکی ١١ و باوەگەورەی ٥٥ کەس، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت خۆی و بنەماڵەکەی لە ئابی ٢٠١٤ دا گوندی تەبەج حەمیدیان بەجێ هێشتووە:

"دوابەدوای پێکدادانەکانی ناو جەلەولا، پێشمەرگە هاتنە سەر جادەی سەرەکی نزیک گوندەکە. ئەندامانی داعیش لە دەرەوەی گوندەکەمان لە دەشت و دەر بوون. ئێمە ترساین نەکا بە ژوور سەری ئێمەوە تەقە لە یەکتر بکەن و ئێمەش بکەوینە بەینیانەوە، بۆیە لایەنێکیان بێتە ناو گوندەکە و لەوێوە شەڕی لایەنەکەی تر بکات. نازانم چی ڕوویدا و کێ چی کرد. هەر ئەوەندە دەزانم کاتێ کە پێشمەرگە گوندەکەی گرتەوە، ماڵەکان بە سەر پاوە وەستابوون. ئێمە نەماندەتوانی بچینەوە ناو گوند بەڵام بە ڕوونی لە ڕێگەی دوورەوە دامانبینی. دواتر ئەوان گوندەکەیان دایە بەر بولدوزەر، ناشزانم بۆ. هیچی لێ نەماوەتەوە. ئەوان بە بێ هیچ هۆکارێک هەمنوو شتێکیان لەناو برد."[28]

[28] چاوپێکەوتن ، دیالە، ١٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥



تەپەج حەمید بە تەواوەتی تەخت کراوەDigitalGlobe ©

محەممەد حسێن، باوکی هەشت منداڵ و خەڵکی گوندی باحزە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

" لەبەر ئەوەی لە ناوچەکەدا شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و داعیش (دەوڵەتی ئیسلامی)دا کەوتبووەوە، ئێمە ماڵ و گوندی خۆمان لە ٢٠ ی ئابدا بەجێ هێشت. داعیش لە تەموزی ٢٠١٤ دا هاتە ناوچەکانی ئێمە بەڵام لە گوندەکەدا نەدەمانەوە و کاریان پێمان نەدابوو. تەنیا کاتێ کە پێشمەرگە هاتن و شەڕ دەستی پێکرد و مەترسی دروست بوو، ئێمە بەجێمان هێشت. پێشمەرگە لە دەوروبەری ١٠ و ١١ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٤ داناوچەکەی ئازاد کرد و ئێمە باوەکوو دەمانتوانی بگەڕێینەوە ماڵەکانمان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک مۆڵەتی گەڕانەوەمان پێ نەدرا. پێشمەرگە تەنانەت نەیانهێشت هەندێک شتوومەکیش لە ماڵەکەمان دەربهێنین. من هەشت منداڵم هەیە و یەک لە کوڕەکانیشم کە ژنی هێناوە، پێنج منداڵی هەن – بە سەر یەکەوە ١٨ کەسین. ماڵمان بە بێ هێنانەدەری هیچ شتوومەکێک بەجێ هێشت و زۆر لە بارودۆخێکی خراپدا ژیاوین. هیچ یارمەتییەکمان پێ ناگات و ناشتوانین لەسەر مەزراکانی خۆمان ئیش بکەین لەبەر ئەوەی ناتوانین بگەڕێینەوە ناو گوند. بیستوومە پێشمەرگە گوندەکەی خاپوور کردووە، بەڵام

ناشزانم، لەبەر ئەوەی مۆڵەتی گەڕانەوەمان نییە تەنانەت بۆ ئەوەندەش کە بچین بزانین چی قەوماوە."[29]

لە تووبەیخ، گوندێکی دیکە لە نزیکەی ١ کیلۆمەتر لای باشووری ڕۆژئاوای تەبەج حەمید، دانیشتووانی ناوچەکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت پێشمەرگە ئەوێشی وێران کردووە، وێنەکانی سەتەلایت دەریانخست کە نیوەی لای باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندەکە زۆر وکەم هەمووی کاول بووە و دەوروبەری چواریەکی بیناکان لە نیوەی باشووری گوندەکەش وێدەچێت زیانی زۆری پێگەیشتبێت یان ڕووخێنرابێت، کە نیشانەیەکە بۆ ئەگەری سووتانیان بە ئاگر. شوێنێک کە ئەگەری هەیە هی بولدوزەر بێت لە نزیک کۆمای خاک وخۆڵ و شتوومەکی شکاو لەو شوێنانە دەبینرێت کە پێشتر دیوار و بینایەان لێ وەستاوە.

پارێزگای نەینەوا، گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای شنگال

پارێزگای نەینەوا یەک لە ناوچەکانی عێراقە کە چەشنایەتی زۆری خەڵکی تێدایە، شوێنی کۆمەڵگای زۆری قەومی و ئایینییە کە سەدان هەزار ئەندامیان لە نێوان حوزەیران و ئابی ٢٠١٤ دا، کاتێک کە دەوڵەتی ئیسلامی زوربەی ناوچەکەی بە شاری مووسڵەوە گرت، لە شوێنی خۆیان جووڵاون؛ مووسڵ وەک دووهەم شاری گەورەی عێراق،ئێستا بۆتە قەڵای دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق. تەنیشتی لای ڕۆژئاوای ناوچەکە، سنوورە بۆشوێنێکی ناو سووریا کە بە دەست دەوڵەتی ئیسلامییەوەیە، هەروەها بەشی زۆری ناوچە کوردنشینەکانی سووریا لە لایەن ئیدارەیەکی نیوە سەربەخۆی کوردییەوە بەڕێوە دەبرێن کە باڵی سوپاییەکەی، یەکەکانی پاراستنی گەل (یەکینەیێن پاراستنا گەل، یە پە گە)، باڵی چەکداری پارتیا یەکیەتیا دێموکرات (پارتیی یەکیەتی دیموکراتیک، پە یە دە، حزبێکی سیاسیی کوردیی سووریا)، شان بە شانی پێشمەرگە لە بەشی لای عێراقی سنوور، لە ناوچەی شنگال و شوێنی دیکەش لە پارێزگای نەینەوا، لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا شەڕ دەکەن.

هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیای ئێزدی کە بە هاوکاریی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا عەمەلیات دەکەن، تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ کە هێرشی تۆڵەسەندنەوە دەکەنە سەر دانیشتووانی عەرەب بە تۆڵەی ئەو تاوانە مەزنانەی وا دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێزەدی کرد.[30] کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش شەڕقانانی یەپەگەی سووری و لە کوردستانی تورکیاشەوە پارتیا کرێکارێن کوردستان (پ ک ک) کە لەگەڵ میلیشیای ئێزدی و هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی شنگال عەمەلیات دەکەن، بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە هەندێک لە گوندەکانی عەرەباندا وێرانکارییان کردووە.[31]

---

[29] چاوپێکەوتن ، دیالە، ١٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[30] گەلێک ئێزدی کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی لە ئابی ٢٠١٥ دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون داوای دەرکردنی کۆمەڵگا عەرەبەکانیان لە ناوچەکە کردووە.

[31] لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سوونی، ئەحمەد باشکی، گوتی: "واهەیە ئەوە لە لایەن دانیشتوانی تووڕەی ئێزدییەوە، یان لەلایەن پەکەکەوە کرابێت. عەرەبەکان هەموشتێکی گونده ئێزدییەکانیان تاڵان کرد؛ لە هەموو ماڵێکی ئەو گونده عەرەبانە کە سەردانیت بکردایە، سەلاجە و شتوومەکی دیکەت دەدۆزییەوە کە لە تاڵان و بڕۆی ئێزدییەکانی سوونی ناوچەی شنگاڵیان هێنابوو، ١٧ ی نیسانی ٢٠١٥.



پێشمەرگە لە دەوازەی بەرزانکە © Amnesty International

یەک لەو گوندانەی کە پێشمەرگە یەکەم جار لە باکووری ڕۆژئاوا لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی دەرهێنایەوە، بەرزانکە بوو، کە دەوڵەتی ئیسلامی لە ٢٦ ئابی ٢٠١٤ دا گرتبووی و سێ هەفتە دواتر هێزەکانی پێشمەرگە لێی سەندنەوە. گوندەکە شوێنی ژیانی دەوروبەری ٨٠٠ - ٩٠٠ بنەماڵە بوو، کە زۆربەیان عەرەب و کەمایەتییەکی کورد بوون بە عەرەبی دەدوان (کە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونە نێودەوڵەتییان گوت ماوەیەکی زۆر پێش ئەو سەردەمە 'تەعریب' کراون و هەمیشە لەگەڵ عەرەبدا ژیاون و هەرگیز فیری کوردی نەبوون، هەر بەو بۆنەیەوە خۆیان بە 'کوردی ڕەسەن' نازانن و هەڵواردنیان دەرحەق کراوە).

هەندێک لە دانیشتووان کە لە لایەن ڕێکخراوی لێبووردنی نێو نێودەوڵەتییەوە وتووێژیان لەگەڵدا کراوە، گوتیان تەنانەت پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بێت، لە گوندەکە ڕۆیشتبوون. مەحموود خالید، یەک لە دانیشتووانی بەرزانکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێو نێودەوڵەتی گوت:

"کاتێ کە پێشمەرگە لە ٢ ی ئابدا لە ناوچەکە پاشەکشێی کرد، لە بنەماڵەکەماندا فەرمانبەری میریی و پۆلیسمان بوو و دەترساین داعش بمانکووژێت. کاتێ کە پێشمەرگە داعشی ڕاونا، چاوەڕوان بووین ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە ئەوێ. بە دڵنیایی چاوەڕوانی ئەوە نەبووین پێشمەرگە گوندەکەمان بڕووخێنێت. ئەوان بە بێ هیچ هۆکارێک ماڵەکانمانیان وێران کرد و هەرگیز مۆڵەتیان پێ نەداین بچینەوە ناو گوندەکەمان. ئێمە کاتێ بە جادەی سەرەکیدا دەڕۆیشتین دیمان کە پێشمەرگە ماڵەکانمانی وێران دەکرد." [32]

خەڵکانی دیکە گوتیان ئێمە لە گوندەکە لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی ئیسلامیدا ماینەوە تا کاتێ کە شەڕ لە ناوچەکەدا سەری هەڵدا و هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕقانانی یە پە گە/ پە کە کە وێستیان ناوچەکە بگرنەوە. عەدنان ساڵح بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"شەڕکەرانی داعش کاتێ کە ئێمە لە گوندەکەماندا بووین ١٣ ماڵیان تەقاندەوە. ئێمە تا ١٧ ڕۆژ دوای ئەوەی پێشمەرگە ڕۆیشت، لەوێ ماینەوە هەروەها کاتێکیش ڕۆیشتین کە پێشمەرگە گەڕایەوە و دەستی کرد بە تۆپبارانی داعش. پێشمەرگە و پە کە کە گوندەکەیان بە بێ شەڕێکی زۆر، گرتەوە و زیانێکی کەم لە شەڕەکە کەوتەوە. ئەوان بۆ ماوەی دەوروبەری دوو هەفتە لە گوندەکەدا مانەوە و

[32] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

لەو ماوەیەدا سەرجەمیان تاڵان کرد- ئێمە لە جادەی سەرەکییەوە دەمانبینین کە شتوومەک لە گوندەکە دەبەنە دەرەوە- ئێنجا هەموو گوندەکەیان وێران کرد، هەروا بەو شێوەیە."[33]



ماڵی وێرانکراو لە بەرزانکە| Amnesty International ©

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ دا، سێ شەڕڤانی پێشمەرگە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت کە هاوڕێکانی خۆیان بەرزانکەیان تەقاندۆتەوە لەبەر ئەوەی گوندییەکانی ئەوێ لایەنگری دەوڵەتی ئیسلامی بوون. لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دا کە تۆژێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار سەردانی گوندەکەیان کرد، سەیریان کرد کە هەندێک لە ماڵەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەن هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆمباردمانی هەوایی کراوە و هەندێکی دیکەیان لە لایەن پێشمەرگە و لەکاتی ڕاونانی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕووخێنراون، بەڵام زوربەیان بە ئاشکرا یەکە یەکە بە دەستەقەسد تەقێنراونەتەوە. پێشمەرگەی ناو بنکە لە گوندەکە ڕوونکردنەوەیەکی ئاڵۆزیان سەبارەت بە وێرانییە زۆرەکە ئاراستە کرد. هەندێکیان گوتیان شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی هەموو ماڵەکانیان تەقاندۆتەوە- کە لەگەڵ گێرانەوەی شەڕڤانانی دیکەی پێشمەرگە لە گوندەکەدا یەکی نەدەگرتەوە.ئەوانیتر گوتیان دەبوایە بمانتەقاندنایەتەوە لەبەر ئەوەی تەڵەیان تێدا نرابووەوە و گوتیان زوربەی کۆڵانەکانی گوندەکە ئێستاش هەر تەقەمەنییان تێدا دانراوە. تۆژێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی چەندەها سەعاتیان سەرفی پشکنینی ماڵە تەقێنراوەکان کرد لە هەرکام لە کۆڵانەکاندا و هیچ نیشانەیەکیان نەدۆزییەوە پشتگیری دیعایەی پێشمەرگە بکات کە لە گوندەکەدا شەڕی زۆر ڕوویداوە. جیا لە دوو خانووبەرە کە وێدەچوو بەهۆی هێرشی هەواییەوە وێران کرابێتن، شوێنی گوللەیەکی زۆر کەم بە سەر دیوارەکانەوە

[33] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

دەبینران و ژمارەیەکی کەمی قاپۆرە فیشەک و گوللەی نەتەقاو بەرچاو دەکەوتن. بە سەر زۆرێک لە دیوارەکانەوە، پێش تەقینەوەیان، دروشمی لایەنگریی پێشمەرگە نووسرابوون.[34]



پێشمەرگە لە دەروازەی بەرزانکەAmnesty International ©

دوو کەسی ئێزدیی ئەندامی پێشمەرگە لە گوندەکە هۆکاری وێرانکردنی ماڵەکانی گوندیان ڕوۆن کردەوە و گوتیان دانیشتوانی، کە عەرەبی موسوڵمانی سوننەن، تیرۆریست بوون و لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی کەوتبوون و لەبەر ئەو هۆیەش بووە کە نەگەڕاونەتەوە.[35] هەرچۆنێک بێت، گەرچی هەوالّی هەندێک لە دانیشتووان گەیشتووە کە چووبێتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی زۆرێکی بینی کە لە گوندەکانی دەوروبەری بەرزانکەدا پەنایان گرتبوو و زۆرێکیشیان دوور لە ماڵی خۆیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەژیان، کە لەوێ بەربەستیان لە سەر هاتووچۆیان داناوە و ناتوانن بگەڕێنەوە بەرزانکە و گرفتیان هەیە لە وەرگرتنی مۆڵەتی دەست ڕاگەیشتن بەو شارە سەرەکییەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەی دەبات. لە مانگی نیسان و تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا، کاتێ تۆڕێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەوڵیاندا بگەڕێنەوە گوندەکە، ئەو پێشمەرگانەی وا پاسەوانی گوندەکە بوون مۆڵەتیان پێ نەدان، بەڵام بە هەرچۆنێک بوو توانییان سەری بەشێک لە گوندەکە بدەن، گەرچی ئەو دەم ئیتر پێشمەرگە پێی گوتن هەر وێنەیەکیان گرتبێت دەیسڕنەوە لێیان.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ەوە زۆر گوندی عەرەب نشینی نزیک بەرزانکە بە دەست پێشمەرگە و شەڕڤانانی ئێزدی، یەپەگە/ پە کە کەوە تووشی وێرانیی زۆر هاتوون.

---

[34] لە ناوەڕاستی ئەو شوێنانەی وا دروشمی پێشمەرگەی پێوەبوون و پێش تەقاندنەوەکان نووسرابوون، بەهۆی تەقاندنەوە، دیوارەکان لێک جیابوونەوە.

[35] چاوپێکەوتن، بەرزانکە، ٢٩ ی تشرینی تەکەمی ٢٠١٤





ئەو چوار گوندەی وا ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنی لەسەر کردن، تووشی کاولکارییەکی زۆر ببوون کە بەشی زۆری لە دەرەوەی چوارچێوەی شەڕدا بوون. شیکردنەوەی وێنە سەتەلایتییەکان دەریدەخات کە گوندی ئوم خەبەری، ئەلسایر، جیری و سیبایە تووشی کاولکارییەکی زۆر هاتوون، سێ بەش لە چواربەشی بینایەکانی سیبایە، ئەلسایر و جیری و زیاد لە نیوەی بینایەکانی بئومخەبەری زیانیان پێگەیشتووە یان وێران بوون.

لە جیری - مالّێکی سووتێنراو - هەموو ژوورەکان بەم جۆرە سوتا و وێران کرابوون
© Amnesty International

مالّی سووتێنراو و بە کەلاوە کراو لە جیری © Amnesty International

بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانانی ئێزدی، یەپەگە و پەکەکە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ دا ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای شنگالیان لە دەوڵەتی ئیسلامی سەندەوە، زۆر گوندی عەرەب لە ناوچەکە بە گشتی کاول کراون.[36] جیری،

[36] ئەلمۆنیتۆر، "هێزەکانی پەکەکەلە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەست دەجوڵێنن"، ١ ی ئەیلوولی ٢٠١٤:

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/09/pkk-kurdish-fight-islamic-state.html#ixzz3x1Bjm2SL

سیبایە، ئەلسایر، ئوم خەبەری و خازووقە لەو گوندانەن وا تازە گیرابوونەوە و لە کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ دا، لە لایەن ئەندامانی میلیشیای ئێزدییەوە[37] بە ڕواڵەت بە تۆڵەی ئەو کارە دڕندانە زۆرەی وا دەوڵەتی ئیسلامی دژ بە ئێزەدییەکان کردبووی، هێرشیان کرایە سەر.[38]

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی شنگاڵی گرت، میلیشیای نوێی ئێزدی پێک هاتوون[39] کە هاوڕێ لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە و پەکەکە، بە ئیجازە و بە هاوکارییەکی هەمەچەشنەی پێشمەرگە، لە باکووری ڕۆژئاوای عێراقدا عەمەلیات دەکەن- گەرچی ڕوون نییە پێشمەرگە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت یان دەیەوێت دەسەڵاتی بە کردەوەی خۆی بە سەر شەڕڤانانی یەپەگە و پەکەکە لە ناوچەکەدا بسەپێنێت.[40] ئێزدییەکی زۆر تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە کە دوای پاشەکشەی پێشمەرگە لە ناوچەی شنگاڵ لە شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئابی ٢٠١٤و چەند سەعاتێک پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی هێرش بکاتە سەر ناوچەکە، خەڵکی ئێزدییان داوەتە دەست بەزمیی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی.[41] واهەیە تۆمەتبارکردنێکی ئەوتۆ بووبێتە هۆکارێک بۆ بێ مەیلیی پێشمەرگە لە

(Accessed 19 January 2016)

هەروەها، دەیلی بیست، "منداڵە عەسکەرە ئێزدییەکان تۆڵە لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەنەوە"، ٨ ی تەمووزی ٢٠١٥:

http://www.yazda.org/yazidi-child-soldiers-take-revenge-on-isis/ (Accessed 19 January 2016).

شەڕڤانانی یەپەگە و پەکەکە لە ئابی ٢٠١٤ ەوە لە ناوچەی سنجار شەڕی تاقموکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. یەپەگە زۆرجار وەک پەکەکە ناماژەی پێدەکرێت وئەوەش بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە. شەڕڤانانی پەکەکە سااڵنێکە لە چیاکانی قەندیل لە باکووری هەولێرن.

[37] ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی ڕاپۆرتی هێرشی هاوجەشنی لە ١٥ گوندی دیکەی عەرەبی نزیک شوێنەکەوە پێگەیشتووە، بەاڵم نەیتانیوە سەردانیان بکات یان وێنەی سەتەلایتییان دەست بخات.

[38] بۆ نموونە، بروانە، ڕووداو، "ئێزدییە ڕزگاربووەکان ناتوانن بەشداریی عەرەب لە کارەساتەکانی داعش لەبیربەرن"، ٥ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥،

http://rudaw.net/english/kurdistan/05012015 (Accessed 19 January 2016).

زوربەی ئەو ئێزدییانەی ناوچەی شنگاڵ کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ئابی ٢٠١٤دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون، گوتوویانەگەر دانیشتوانی عەرەب لەناوچەکە بمێنن ئەوان چیتر ناگەڕێنەوە شنگاڵ، هەندێکیشیان داوای ئەوەیان دەکرد کە کۆمەڵگا عەرەبەکان لە ناوچەکە دەربکرێن.

[39] بۆ نموونە، بروانە، ئاینا، "ئێزدییەکان میلیشیا پێک دەهێنن بۆ ئەوەی پارێزگاریی چیای شنگاڵ بکەن"، ٦ ی ئابی ٢٠١٤:

http://www.aina.org/news/20140806125221.htm (Accessed 19 January 2016).

میلیشیای ئێزدی لای کەم لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە هەبوون و هەریەک لە میلیشیاکان هاوپەیمانی یەک لە حزبە کوردییەکانی عیراق و وڵاتەکانی دراوسێی بوون. بۆ نموونە، بروانە، ەێزدی پرێس، "هێزەکانی ئێزدی هاوپەیمانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی پێک دەهێنن"، ٣١ ی تشذرینی یەکەمی ٢٠١٥:

http://ezidipress.com/en/yezidi-forces-form-alliance-against-is/ (Accessed 19 January 2016).

[40] ناوچەکە تا حوزەیرانی ٢٠١٤ لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی عێراقدا بوو، کاتێ هێزەکانی عیراق لە ناوچەکە هەڵاتن، پێشمەرگەیان هێشتەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەلێک گەورە ببێتەوە بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناوچەکە و هەوڵی بەرگریکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ پێشوەچوونیان بەرەو هەرێمی کوردستانی عێراق.

[41] بۆ نموونە، بروانە، واشنتن تایمز، "سیاسەتمەداری کورد دیعایەی ئێزدییەکان بۆ چەوسانەوە بەدرۆدەخاتەوە"، ١٥ ی ئابی ٢٠١٤،

http://www.washingtontimes.com/news/2014/aug/15/kurdish-diplomat-debunks-yazidi-claim-exploitation/?page=all

هەروەها: ئەلمۆنیتۆر، "دوای گرتنی شنگاڵ، دەوڵەتی ئیسلامی کوردی عێراق دەخاتە شەڕێکی تەواوەوە"، ٧ ی ئابی ٢٠١٤،

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/08/iraq-kurdistan-yazidis-peshmerga-isis-islamic-

هەوڵیاندا بۆ وەستاندن و بەرگری کردن لەو دەستدرێژییانەی وا میلیشیای ئێزدی و هاوپەیمانانی یەپەگە و پەکەکەی ئەوان دژ بە دانیشتووانی عەرەبی دەکەن. دانیشتووانی جیری، سیبایە، ئەلسایر، ئوم خەبەری و خازووقا بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت کە گوندەکانیان بە بەرچاوی پێشمەرگەوە کەوتنە بەر هێرشی شەڕقانانی ئێزدی، یەپەگە و پەکەکە و ئەوان بۆ بەرگریکردنی هێرشەکە خۆیان تێکەڵاوی کارەکە نەکرد. توێژینەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی کە لە نیسان و تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا سەردانی ناوچەکەیان کردبوو، بە چاو بینییان کە دەستڕاگەیشتن بەو گوندانە بە تونڈی لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. [42]

شتێکی نەگونجاو دەبوو کە ڕادەیەکی وا زۆر لە هێرشی دووپاتە کراو لە ناوچەکەدا، بە بێ زانیاریی هێزەکانی پێشمەرگە بەڕێوەببرێت.[43]

---

state.html#ixzz3x17p0gNB http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/08/iraq-kurdistan-yazidis-peshmerga-isis-islamic-state.html# (Accessed on 19 January 2016).

[42] توێژینەران زۆرجار لە لایەن پێشمەرگەی سەر بازگەکانەوە وەستێنران، کە مۆڵەتی دەست ڕاگەیشتن بە هەندێک ناوچەیان پێدەدان و بەرگرییان دەکرد لە چوونین بۆ شوێنەکانی تر. ڕۆژی ٢٢ ی تشرینی دووهەم پێشمەرگە لە ئومخەبەری ڕایانگرتن و دوای ئەوەی فەرمانیان پێدان هەموو ئەو وێنە فۆتۆگرافی و فیلمانەی وا هەڵیانگرتبوون، بسڕنەوە ئینجا لەگەڵیان کەوتن بۆ ئەوەی لە گوندەکە بڕۆنە دەرەوە.

[43] هەروەها بروانە گێرانەوەی دژبەیەکی ڕووداوەکان بۆ هێرشی سەر جێری و سیبایە کە بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێم و ڕێبەرێکی میلیشیای ئێزدی پێشکەشیان کرد، لەم سەرچاوەیەدا: "ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، عێراق: هێرشی تۆڵەسەندنەوە لە شنگاڵ – مەدەنییە عەرەبەکان تاوانی جەریمەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەدەنەوە؛ ٩ ی حوزەیرانی ٢٠١٥؛ لاپەرە ٤ و ٥:

https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/1801/2015/en/



جیری - مالێکی سووتاو © Amnesty International

گوندی **نوم خەباری** یەک لەو گوندانە بوو کە سەرەتا لە هەفتەی یەکەمی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥دا هێرشیان کرایە سەر. لە ڕاستیدا هەموو تاکە مالێکی گوندەکە سووتێنرا. زۆرێک لە دانیشتووان لە سەرەتاکانی ئابی ٢٠١٤ دا کاتێ کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی ناوچەکەیان گرت، هەڵاتبوون و ئەوانیتر کاتێ هەڵاتن کە ناوچەکە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ دا لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی سەنرایەوە.

یەک لە دانیشتووە کۆچکردووەکان بەناوی مالیک حەسەن، ٣٥ ساڵان و باوکی چوار منداڵ، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێو نێودەوڵەتی گوت:

"بنەماڵەکەم، خزمەکانیترم و خۆم لە نێوان ٥ تا ١٠ ی ئابی ٢٠١٤ دا دەست بەجێ دوای ئەوەی داعش هاتە ناوچەکە، هەڵاتین. چووین لە ناوچەیەکی نزیک ئێرە نیشتەجێ بووین کە بە دەست پێشمەرگەوە مابووەوە. دوای ئەوەی پێشمەرگە و پەکەکە (نیاز یەپەگە و پەکەکەیە) ناوچەکەیان لە کانوونی دووهەمی ٢٠١٤ دا سەندەوە، ئەفسەرانی پێشمەرگە پێیان گوتین دەتوانن پاش چەند ڕۆژێک بچنەوە ماڵەکانتان. بەڵام پاشان ژنەفتمان کە میلیشیای ئێزدی و پەکەکە لە گوندەکەماندا دەمێننەوە و هێرش دەکەنە سەر هەر عەرەبێک کە بچێتە ئەوێ. دۆستێکی ئێزدی پێی گوتم نابێ بچنەوە ناو گوندەکەتان. چەند ڕۆژێک دواتر گوندەکەمان سووتێنرا. سێ هەفتە دوای ئەوە ئێزدی و پەکەکە چەند گوندی دیکەی نزیک ئێمەیان سووتاند و زۆرێک لە گوندییەکانیان کوشت. چەند پیاو و ژنی پیر کە نەیاندەتوانی ڕابکەن لە ماڵەکانیاندا سووتێنران. مافمان نەبوو بچینەوە ئەوێ. پاشان دوای مانگی ئەیار دەستیان کرد بەوەی گوند و مەزراکانمان وەبەر بوڵدوزەر بدەن، وێرانکاریش بەردەوامە، هەر جارەی هەندێک زیاتر."[44]

[44] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی ئابی ٢٠١٥



پاشماوەی ماڵێکی وێرانکراو لە گوندی ئوم خەباری © Amnesty International

کاتێ کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نیسانی ٢٠١٥ دا سەردانی ناوچەکەی کرد، هەموو ماڵەکانی ئوم خەباری سووتێنرابوون بەڵام هێشتا بە سەرپێوە بوون. بەڵام کاتێ ڕێخراوەکە لە مانگی تشرینی دووهەمدا گەڕایەوە گوندەکە، هەر هەموو ماڵەکان یەکە یەکە کاول کرابوون و زیانی وایان پێگەیشتبوو کە بۆ چاککردنەوە نەدەبوون. دیواری هەموو ماڵەکان لە نزیک پایەکانیاندا لێیاندرابوو بۆئەوەی بکەون یان بنکۆڵ بن، نیشانەی بولدوزەریش لە گوندەکەدا دەبینران تا دەگەیشتە سەر دیوارە ڕووخاوەکان. شیکردنەوەی وێنە سەتەلایتییەکان کە لە ڕۆژی ٢٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا هەڵگیراون دەریدەخات کە زیاتر لە نیوەی بینایەکانی گوند وێران کراون یان زیانیان پێگەیشتووە. هەرچۆنێک بێت، هەڵسەنگاندنی بە کردەوەی وێرانییەکانی ئەو گوندە لە لایەن تۆڕێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییەوە کە لە ڕۆژی ٢٢ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا بەڕێوەچووە، بەربڵاوتر لەوەیە، و بەگوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنە، سەرجەم بینایەکانی ناوگوند زیانیان پێگەیشتووە و زۆرێکیان چیتر بۆ چاککردنەوە نابن. زوربەی ئەو ماڵانەی کە بەپێوە ماون لە پایەکەیان دراوە، و بۆتە هۆی ئەوەی قەڵەشت بکەوێتە دیوارە سەرەکییەکەیەوە و ئەوەش ماڵەکەی نا سەلامەت کردووە و خستوویەتە بەر مەترسیی ڕووخان. ئەو زیانە بنەڕەتییە باوەکوو لە وێنە سەتەلایتییەکاندا سووک و سانا پەی پێ نابرێت، بەڵام ئەغڵەب بۆ چاککردنەوە نابن.



شوێنی نوێی بولدوزەر کە لە نزیک ماڵە وێرانکراوەکان لە ئومخەیری بەرچاو دەکەوێت
© Amnesty International

گوندییە عەرەبەکان دانیان بەوەدا نا کە هەندێک لە دراوسێکانیان چوونەتە ناو دەوڵەتی ئیسلامییەوە یان لایەنگریان بوون، بەڵام دەڵێن ئەوان نابێ غەرامەی تاوانی خەڵکی دیکە بدەنەوە. دانیشتوویەکی دیکەی ئوم خەیری، ئەحمەد ئیبراهیم، باوکی چوار منداڵ، بە ڕێکخراوەکەی گوت:

"کاتێ کە داعش [لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا] هێرشی کردە سەر شنگاڵ، ئێمە هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی زۆرێک لە ژنان و بنەماڵە ئێزدییەکان بپارێزین. شاردمانەوە و یارمەتیمان دان ڕابکەن. بەڵام وا وێدەچێت هیچ شتێک ناگیرێتە بەرچاو و بۆ ئە کارانەی وا داعش دەیکات لوومەی ئێمە دەکرێت. خەڵک هەموویان وەک یەک نین، من ناتوانم لوومەی هەموو ئێزدییەک بکەم بۆ ئەوەی هەندێکیان گوندەکەمانیان وێران کردووە. بەڵام ئێستا وێدەچێت وەها بێت. نامەوێت دژ بە پێشمەرگە بدوێم، بەڵام ئەوان بۆ وەستاندنی ئەو هێرشکارییانەی ئێزدی و پەکەکە ناتوانن هیچ بکەن؛ نازانم بۆچی."[45]

دانیشتووی گوندێکی دیکە، کە هاوسەرەکەی ئێستا لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی دەژی، گوتی هەموو ئەوانەی وا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدان وانییە لەگەڵیاندابن یان پشتگیرییان بکەن، و هەندێک بە هۆی هەڵ ومەرجەوە گەیشتوونەتە ئەوێ:

"هاوسەرەکەم لە مووسڵە، بەڵام نەک بە هەڵبژاردنی خۆی. چوو بۆ لای کەس وکاری و لەوێ گیری خوارد ئیستاش ناتوانێ بگەڕێتەوە؛ بۆ هاتنەدەرەوە لە مووسڵ ڕێگایەکی بە متمانە نییە."[46]

چوار گوندی نزیک ئەوێ- جیری، سیبایە، ئەلسایر و خازوکە- تووشی تەنانەت وێرانییەکی زیاتریش هاتوون . لە جیری، سیبایە و سایر وێنە سەتەلایتییەکانی ڕێکەوتی ٢٨ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دەریدەخەن کە زیاد لە سێ لە

[45] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[46] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

چواربەشی ژێرخانەکان زیانیان پێگەیشتووە یان وێران کراون.[47]

سیبایە و جیری ڕۆژی ٢٥ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ لە لایەن هەندێک میلیشیای ئێزدییەوە هێرشیان کرایە سەر. هێرشبەرەکان٢١ کەسی مەدەنییان کوشت، نیوەیان پیاو و ژنی پیر و منداڵان بوون، کە وێدەچوو کوشنێکی شێوە ئیعدام کردن بووبێت، زۆرکەسیشیان بریندار کرد، کە سیانیان منداڵ بوون، ٤٠ کەسیکیشیان ڕفاند کە ١٧یان ئێستاش هەر دیار نین و گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کووژرابێتن.[48] لە هەمان ڕۆژدا، لەناو دوو گوند، ئاگریان لە زۆر ماڵان بەردا. هێرشکاری بۆ سەر جیری و سیبایە هانی دانیشتوانی ساپر، خازوکا و گوندەکانی دیکەی نزیکی ئەوانی دا کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤دا گەرابوونەوە ناو ماڵەکانین بۆ ئەوەی لە گوندەکانیان ڕابکەن و ترسی ئەوەیان هەبێت هێرشێکی هاوشێوەیان بکرێتەسەر. لە ڕاستیشدا، ڕۆژی دواتر، ٢٦ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ ئەلسایر و خازووکا بە شێوەیەکی هاوچەشن ئازار دران.

کاتێ کە تۆڕێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نیسانی ٢٠١٥ دا سەردانی ناوچەکەیان کرد، ئەو زیانانەی وا بەرچاویان کەوت بە هۆی ئاگرتێبەردانی دەستەقەسدەوە بوو، لەگەڵ تێک وپێکدانی گشتی و تاڵانکردن. لە جیری، کە لە سێ گوندەکەی دیکە بچووکترە، تۆڕێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی توانیان هەموو ماڵەکان بپشکنن. سەرجەم هەموویان ئاگردرابوون و زیانی پێگەیشتووی ماڵەکانیش جیاوازی هەبوو لە یەک ژوورەوە تا هەموو ماڵەکان. لە سێ گوندەکەی تر، تۆڕێنەران هەروەها چاویان بە ڕێژەی زۆری ماڵی سووتاو کەوت، گەرچی نەیانتوانی یەکە یەکە سەدان ماڵ بپشکنن.

---

[47] ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی نەیتوانی وێنەی سەتەلایتیی خازووکا دەست بخات، بەڵام لە نیسانی ٢٠١٥ دا تۆڕێنەرەکانی سووتانی زۆری ماڵەکانیان بەچاو بینی. لە تشرینی دووهەمی ٢٠١٥دا بەرگری لە تۆڕێنەرەکانی کرا بۆ ئەوەی بچنە ناو گوندەکە بەڵام لە قەراخ گوندەکەوە بینییان کە زۆرێک لە ماڵەکان وا لە نیساندا بەسەر پاوە وەستابوون، وێران ببوون.

[48] ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە هێرشەکان کۆڵێوبەتەوە و بەڵگەی لەسەر کۆکردوونەتەوە دەسکەوتەکانی خۆیشی لە ڕاپۆرتێکدا بڵاو کردوونەتەوە: ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، عیراق: هێرشی تۆڵە سەندنەوە لە شنگاڵ – مەدەنییە عەرەبەکان تاوانی جەریمەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەدەنەوە، ٩ ئ حوزەیرانی ٢٠١٥:

https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/1801/2015/en/



لە سیبایە زیاد لە ٧٠٠ بینا زیانیان پێگەیشتووە یان وێران کراون لە ژمارەی بە مەزندەی ٨٩٧ ماڵ، ئەوانی ساغ © CNES, Distribution AIRBUS DC (سەوز) و زیان پێگەیشتوو یان ڕووخێنراویش (سوور)، ٢٨ی تشرینیی ٢٠١٥٢

خەلەف محەممەد، ئەندازیارێکی ٢٨ ساڵانی خەڵکی خازووکە، گوندێک کە ماڵی دەوروبەری ٣٧٠ بنەماڵەی لێیە،[49] بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت کە ڕۆژی ٢٧ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ ڕۆژێک دوای یەکەم هێرش، بەدزییەوە چۆتە ناو گوندەکەی و ٢٢٦ ماڵی سووتاوی بژاردووە.[50]

محەممەد جاسم، ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتی خەڵکی خازورکە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"داعش یەکەم جار لە ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا هاتە گوندەکەمان، بەڵام لە دەرەوەی گوند مانەوە و تەنیا لە ٨ ی ئابدا هاتنە ناو گوندەکە. هەموو ئەو دانیشتووانە وا ئیشیان بۆ حکوومەت کردبوو، یان ئەفسەرانی ئاسایش دەست بە جێ هەڵاتن دەنا داعش دەیکوشتن. ڕۆژی ٨ ی ئاب کاتێ کە خەڵکانی داعش هاتنە ماڵی ئێمە، من پێم گوتن ' ئێمە ناتوانین ببینە پەناگایەکی ئینسانی بۆتان' و ئینجا هەموومان ڕۆیشتین. ڕۆژی ١٨ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، پێشمەرگە ناوچەکەی ئازاد کرد و ئەوانەی وا ماڵیان بەجێ هێشتبوو دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ خازووکە. دەوروبەری نیوەیان گەڕانەوە و هیچ کێشەیەکیشیان لەگەڵ پێشمەرگەدا نەبوو. هەندێک خەڵکی ئەلسایر، جیری و سەبایەش کە ئاوارە ببوون، لە کۆتاییەکانی کانوونی یەکەمەوە گەڕانەوە و ئەوانیش تووشی گرفتێک نەهاتن. من نەگەڕامەوە لەبەر ئەوەی دۆستە ئیزدییەکانم ئینزاریان کردم کە ئێستا هەموو عەرەبێک بە داعش دەناسرێت و واهەیە لە مەترسیدا بێت. کاتێ لە ٢٥ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ دا هێرشەکان کرانە سەر جێری و سیبایە، ئەو دانیشتوانەی وا گەڕابوونەوە خازووکە و ساپر، هەڵاتن. هەر بۆیەش کاتێ ئێزدییەکان هێرشیان کردە سەر خازووکە و ساپر، ڕۆژێک دواتر دوو گوندەکە چۆڵ بوون، ئەوە هۆکاری ئەو ڕاستییە بوو کە لەوێ کەس نەکووژرا، لەکاتێکدا لە جیری سیبایە

[49] موختار (سەرۆک) ی گوندەکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت ٣٧٢ بنەماڵە لە گوندەکەدا بوون.

[50] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

ئێزدییەکان هەندێک لە دانیشتووانیان کوشت.[51]

لە حوزەیرانی ٢٠١٥ هوە دانیشتووانی ئاوارەی ئەو گوندانە دەستیان کرد بە ڕاپۆرت گەیاندن بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی کە شەڕڤانانی ئێزدی و پەکەکە بە بوڵدوزەر ماڵ و ملکی ناو گوند و مەزراکانی دەوروبەری گوندیانی کاول کردووە.

موختار (سەرۆک) ی یەک لە گوندەکان بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"من هەندێک ئەفسەری پایەبەرزی پێشمەرگە دەناسم و هەر ئەوان پێیان گوتم کە ئەو هەڵسوکەوتە لەئێزدی و پەکەکە قەبوڵ ناکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هیچیان نەکرد. بۆئەوەی هەڵسوکەوتەکەیان بوەستێنن. لە ناوچەکەدا هەموو جادە سەرەکییەکان بەدەست پێشمەرگەوەن بەڵام لە گوندە عەرەب نشینەکاندا ئێزدی و یەپەگە و پەکەکە مۆڵەت پێدراون چی دەیانەوێت بیکەن. من دەزانم ئەو هێرشانەی وا لە کانوونی دووهەمدا کران پێشمەرگەیان تووشی سەرسوورمان کرد، بەڵام ئێستا هێرشەکان چەند مانگە درێژەیان هەیە. حاسڵی ئەمسڵمان لەدەست چوو. یان لە لایەن ئێزدی و پەکەکەوە تاڵان کرا یان لەناوبرا، بەو پێیە خەڵکانی ئاوارە لە بارودۆخێکی ناخۆشدان، ماڵ و خواردنیان نییە، و ئەوانەش وا ئاژەڵداربوون حەیوانیان نەماوە. ئێمە داوای یارمەتی مرۆڤایەتی ناکەین، ئامانجی سەرەکی ئێمە گەڕانەوەمانە و دووبارە بنیاتنانی ژیانمان. بەڵام لە ئێستادا وێدەچێت ئەوە گەلێک دوور بێت لێمان." [52]

مەناف بەننا، باوکی ٣٢ ساڵانی دوو منداڵ کە لە ئەلسایر ئاوارە کراوە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"دوای ئەوەی کە گوندەکەمان لە ٢٦ ی کانوونی دووهەمدا هێرشی کرایە سەر، زۆر دڵنیگەرانی لەدەستچوونی حاسڵەکەمان بووم. هیوادار بووم تەنگژەمان لەگەڵ دراوسێ ئێزدییەکانمان چارەسەر بکرێت بۆئەوەی بتوانین بگەڕێینەوە و بە مەزراکانمان ڕابگەین کە حاسڵمان لە دەست نەچێت. بەڵام لە ١٥ ی ئەیاری ٢٠١٥ ئەوان دەستیان کرد بەوەی بە بوڵدوزەر هەرچییەکی لێ مابوو لەناوبەرن. مەزراکەمان ژیانی بنەماڵەکەمانی دابین دەکرد کە دوو منداڵ و هاوسەرەکەم و دایکم بن. ئێستا لە ناو مەزرایەکدا خەیمەمان لێداوە بێ ئەوەی هیچ دەرەتانێکی تێدا بێت. هەل ومەجی ژیانمان زۆر، زۆر خراپە بەتایبەت ئێستا لە هەوای تەڕانی و سەهۆڵبەندانداء تەنیا لە ڕێگەی کاری خێرخوازییەوە دەژین. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بکەومە بارودۆخێکەوە نەتوانم ژیانی بنەماڵەکەم دابین بکەم."[53]

موونا ئیبراهیم، دایکی شەش منداڵ و خەڵکی سیبایە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت دوای ئەوەی ماڵەکەیان سووتێنرا تووشی خەمۆکی بوو:

"ئێمە ماڵێکی باش و ژیانێکی باشمان هەبوو؛ دەوڵەمەند نەبووین بەڵام دەمانتوانی ژیانی منداڵەکانمان دابین بکەین. لەوەتی ماڵەکەمان [لە کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ دا] سووتێنراوە، هیچمان بۆ ژیانی ڕۆژانە نەماوە. بەرگەی ئەوەم نەدەگرت منداڵەکانم ببینم خەفەتی ئەوە بخۆن هەموو جل وبەرگیان لە دەست چووبێت. ئێمە هیچ یارمەتییەکمان پێ ناگات و پێشنیاری ئەوەشمان پێ نەکراوە قەرەبووی ماڵ و ملکی لەدەستچوومان بۆ بکرێتەوە. زۆرم بۆ ئەستەم بوو خۆم لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ڕێک بخەم. ئێنجا لە هاویندا زانیمان کە گوندەکەمان خاپوور کراوە و هیچ هیوایەک بۆ گەڕانەوە ماڵمان نەماوە. لەو دەمەوە زیاتر و زیاتر خەمۆکیم تووش بووە. هیچ داهاتوویەک بۆ بنەماڵەکەم و منداڵەکانم نابینم. نازانم چیمان لێدێت. ئەوە

[51] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[52] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ٢٢ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥؛ بۆ ئەوەی ناسنامەی شایەدەکە بپارێزرێت ناوی گوندەکە ڕانەگەیێنرا.

[53] چاوپێکەوتنی تەلەفونی، نەینەوا، ١٤ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

زۆر لە دادپەروەری دوورە، لەبەر ئەوەی هیچمان نەکردبوو کە شایانی ئەو هەڵسوکەوتە بین."[54]

ناوچەی کەرکووک

پارێزگای پڕ لە نەوتی کەرکووک بۆماوەیەکی دوورودرێژ ناوچەی گەرمی ناکۆکی بووە لە نێوان سێ گرووپ لە دانیشتوانی-عەرەب، کورد و تورکمان و هەندێک کەمایەتیی قەومی و ئایینی وواڵات کە ئەوی بەرچاویان ئاشووڕییە مەسیحییەکانن. دوایین سەرژمێریی نیوە باوەڕپێکراو (کە کوردی بە دەروبەری نیوەی دانیشتووان لەقەڵەم دا و دوای ئەوان تورکمان و عەرەب دەهاتن)، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧ و بڕیاردرابوو ڕیفراندۆمێک لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بەڕێوە بچێت کە چارەنووسی پارێزگاکە دیاری بکات. پاشان لە ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٩٠مکان (لە ڕێژیمی سەددام حسێندا) چەندجاران هەوڵی بە بەرنامە درا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی عەرەب بۆئەوەی ڕێژەی دانیشتووە عەرەبەکەی زیاتر بکرێت و لە هەوڵی دواتردا دوای هێرشی ساڵی ٢٠٠٣ ی هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ڕووخاندنی حوکمی سەددام حسێن، ئەو هەوڵانەی بەرئاوەژوو کردەوە وا بۆ "تەعریب" ی ناوچەکە دەدرا. ململانی دیعایە بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی، ئارەزووی خاک و دیعایەی دەست بەسەرداگرتنی سامانەکان گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگاکانی ئاڵۆزتر کردووە، و جارووبارە گەیاندوویەتە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ.[55]

ڕووداوەکانی دوای دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی بەرچاوی عێراق لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەم مەترسی و هەم دەرەتانی بۆ ئەو لایەنانە پێکهێناوە کە پێشبڕکێی دیعایەکانیان بۆ خاوەنایەتیی کەرکووک بکەن. لە لایەکەوە هەڵاتنی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندیی لە باکووری عیراق، بە کردەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە دۆخێکەوە کە کۆنترۆڵی ناوچەکەی بە دەستەوە بێت و ئەوەش دڵنیگەرانی بۆ ڕێبەرانی عەرەب و تورکمان پێک هێناوە کە واهەیە دەسەڵاتی حکوومەتی تازە پێکهاتووی کوردی لە سەر ناوچەکە، لە داهاتوودا ئەستەم بتوانرێت چارەسەر بکرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری دانیشتوان، ژمارەیەکی زۆری عەرەبی لە پارێزگا دراوسێکانی سەلاحەدین، مووسڵ، دیالە و ئەنبارەوە هێناوە و پەنابەری کەرکووکی کردوون، ئەوەش ڕێبەرانی کوردی دڵنیگەران کردووە کە گۆڕانەوەی ئەوتۆی دانیشتوان واهەیە هەمیشەیی بێت.[56]

بە حیسابی پێشینەی بەرزبوونەوەی گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان، دانیشتوانی چەند دەرزەن لەو گوندە عەرەبانەی وا هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لە دەوڵەتی ئیسلامییان سەندۆتەوە و مۆڵەتی گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان پێنەدراوە ، ئێستا خەڵکەکە نیگەرانی ئەوەن کە هۆکاری درێژەکێشانی ئاوارەییەکەیان ئەوە بێت کە بیانەوێت لە ناوچەکە دەربان بکەن.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرت و ئیفادەی لەسەر زیاد لە ٤٠ گوندی ناوچەی کەرکووک پێگەیشتووە سەبارەت بەوەی تووشی ڕادەی جۆراوجۆری وێرانی هاتوون و سەبارەت بەوەش کە خەڵکەکەی مۆڵەتی گەڕانەوەی سەر ماڵ و حاڵی خۆیانیان نییە. بە گوێرەی قسەی دانیشتوانی ئاوارەبووی چەند گوندی جۆربەجۆرشێوازێک لە

---

[54] چاوپێکەوتنی تەلەفونی، نەینەوا، ١٤ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

[55] بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بۆ نموونە، بڕوانە: پرۆژەی ئەنستیتووتی زانکۆی بڕووکینگزی بڕن سەبارەت بە ئاوارەیی نێونەتەوەیی، "داهاتووی کەرکووک: هەڵسەنگاندن و کارتێکەرییەکانی شیاو بوونی لەسەر ئاوارەیی"، ٣ ی ئازاری ٢٠٠٨:

http://www.brookings.edu/~/media/research/files/papers/2008/3/03-iraq-ferris/0303_iraq_ferris.pdf

هەروەها، چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، "بەرئاوەژوو بوونی تەعریبی کەرکووک" *دیعایە لە گرژیدا: بەرئاوەژوو بوون*

[56] ئەلمۆنیتۆر، "پارێزگاری کەرکووک: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ لەگەڵ ئێراندا ئیش بکات بۆدامەزرانی دۆخ لە عێراق"، ٦ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥:

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2015/11/iraq-governor-kirkuk-refugees-isis-oil.html#ixzz3x70Cdk3M (Accessed 19 January 2016)

کردەوە دەردەکەوێت کە بۆی هەیە کاولکاریی بە دەستەقەسد و بەربڵاوی ماڵ و ملک - و لە هەندێک حاڵەتیشدا سەرجەمی گوندەکان- بێت کە دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕ سەری هەڵداوە.

محەممەد عەلوان، موختار (سەرۆک) ی گوندێکی عەرەب نشینی ئاوارە لە ناوچەی کەرکووک، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"لە ئەنجامدا، خۆ عەرەب لەناو ناچن، بەڵام ئەگەر مۆڵەتی گەڕانەوەی سەر ماڵ و حاڵی خۆمان لە گوندەکان پێبەدرێت، هەندێک بەشی ئەو خاکە جێگەی ناکۆکییەی وا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی کوردیدایە، عەرەبی تێدا نامێنێت. ئێمەش دەبێ خۆ بترینجێنینە ناو گونده عەرەبەکانی دیکە و هیچ زەوییەکیشمان بۆ کشتوکاڵ نەبێت. ئێتر ئەودەم ناتوانین لەوێ بمێنینەوە و دەبێ بچینە بەغدا و لەوێ بەشوێن ئیشدا بگەڕێین لەبەر ئەوەی مۆڵەتی مانەوەی ناو کەرکووکمان پێ نادرێت."[57]

واهەیە هێشتا زووبێت بۆئەوی بزانین ئایا هەست بەو مەترسییانە کراوە یان نا، بەڵام بۆ عەرەبی دانیشتووی گوندەکان کە ماڵیان وێران بووە، واهەیە هۆکاری ئەو ترسە ڕوون بێت.



مەکتەب خالکید- گوندێک کە تەخت کرا| Amnesty International ©

قەحتان فەواز، مامۆستا و باوکی شەش منداڵ و خەڵکی مەکتەب خالید، گوندێک لە ڕۆژئاوای کەرکووک کە بەتەواوەتی تەخت کراوە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت:

"شەڕکەرانی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ەوە لە ناوچەکەمان بوون. لە مانگی تەمووزدا من بنەماڵەکەی خۆمم هەڵگرت و چووین بۆ ناوچەیەکی سەلامەت. بۆ ماوەی چەندمانگ هەر دەچوومەوە بزانم ماڵەکەمان لە چ دۆخێکدایە، بەڵام دوای چەند مانگێک کاری مۆڵەت وەرگرتن بۆ تێپەڕ بوونی بازگەی پێشمەرگە ئەستەم بووەوە. هیوام ئەوە بوو هەر ئەوەندەی گوندەکەمان لە داعش پاک کرایەوە، بگەڕێینەوە سەر ماڵ و حاڵمان. بەڵام کاتێ لە تەمووزی ٢٠١٥ دا چوومەوە، سەیرم کرد گوندەکەمان هیچی لێ نەماوەتەوە.

[57] چاوپێکەوتن، کەرکووک، ١٤ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

هەموو شتێک بە بوڵدوزەر تەخت کراوە. لام وایە هیچ دەرمتانێکمان بۆ نەماوە بگەڕێینەوە شوێنەکە لەبەر ئەوەی کێ دەچێ گوندەکە بنیات بنێتەوە؟ دەبێ چ بکەین، دەبێ ڕوو لە کو بکەین؟[58]

وێنە سەتەلایتییەکانی ڕۆژی ٢٠ ی ئەیار، گوندی مەکتەب خالید پیشان دەدات کە بە تەواوەتی کاول بووە. کاولکارییەکی زیاتر دوای ٢٠ی ئەیار ڕووی داکاتێ کە تۆڕێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستەکانی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا سەردانی گوندەکەیان کرد- ئەوان بینییان کە گوندەکە لەگەڵ زەویدا تەخت کراوە و تاقە یەک بینایەش بەسە پێوە نەماوە، چ لە بەشی باکوور (ماڵەکان) و چ لە بەشی باشوور (پیشەیی) گوندەکەدا. پێشمەرگە یەک لەوێ بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە شەڕی سەندنەوەی ناوچەکە لە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە دەرەوەی گوند بەردەوام بوو و گوندەکە دوای ئەوەی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لێ وەدەرنران، بەر بوڵدوزەر درا. ناوبراو هیچ هۆکارێکی بۆ ئەو وێرانکارییە نەخستە بەرچاو جگە لەوەی بڵێت *"بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە و دروستکردنی شوێنێکی بۆشایی بوو."*[59]

لەو ماوەیەدا کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی سەردانی شوێنەکەی دەکرد، دوو پیاو خەریک بوون تەختەشکاو و ئاسنەوالەیان لە دوو پیکاپ دەدا، یەکیان تەختە و ئەویتریان ئاسن. هیچی دیکە لە شتوومەکی ناو ماڵەکان نەمابووەوە و ئەوەش دەریدەخست کە پێشتر تاڵان کرابوون.

ڕوون نەبوو ئایا پیاوەکان ئەندامی پێشمەرگە بوون یان نا. هەرچۆنێک بێت تاڵان کردنەکە تەواو بە بەرچاوی پێشمەرگەوە دەکرا کە چوونە ژوور و گەڕانەوەی ناوچە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو.

مەروان سالح، خاوەنی مەزرایەک کە کەوتوتە دەوروبەری ٥ کیلۆمەتریی مەکتەب خالید، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت:

"لە دەوروبەری تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دا مەزراکەمان بەجێ هێشت و دوای ئەوەی پێشمەرگە لە ئازاری ٢٠١٥دا بە باشی لە ناوچەکە و ئەولاتریش پێشڕەوی کردبوو وەرزێرەکەمان گەڕایەوە سەر مەزراکە. وەرزێرەکەمان تا تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ لە سەر مەزراکە مایەوە، باوەکوو پێشمەرگە هەندێک جار هەراسانیان دەکرد و پێیان دەگوت دەبێ بڕوات. بەیانی ڕۆژی ٥ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ سەعات ٩ ی بەیانی پێشمەرگە چوون بۆمەزرا و بە وەرزێرەکەیان گوت تا سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ لەوێ بڕوات. من ڕۆژی دواتر چوومە ئەوێ و دیتم هەموشتێک تاڵان کراوە و مەزراش وێران بووە. لەو ڕۆژە بەدواوە منۆڵەتی چوونەوەم پێنەدراوە. لە هەر حاڵەتدا، هیچ لەوێ نەماوە کە بۆی بچمەوە، لەبەر ئەوەی هەمووی تاڵان کراوە."[60]

عەلی سالم، بازرگانێکی ٣٨ ساڵە و باوکی دوو منداڵ لە نەهرەوان، گوندێکی ڕۆژئاوای کەرکووک کە بەشی زۆری کاول کراوە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت ماوەیەک دوای ئەوەی پێشمەرگە لە ئازاری ٢٠١٥دا گوندەکەی لە دەوڵەتی ئیسلامی سەندەوە مۆڵەتی ئەوەی هەبوو بچێتەوە ماڵەکەی و شتوومەک هەڵبگرێت و ماڵەکەش لە بارودۆخێکی باشدا بوو، بەڵام ١٠ ڕۆژ دواتر چاوی بە پێشمەرگە کەوت خەریکی ڕووتاندنەوە و کاول کردنی ماڵەکانن. وێنە سەتەلایتییەکانی ڕۆژی ٢٠ ی ئەیاری ٢٠١٥ ش دەریدەخەن کە گوندەکە بەشی زۆری وێران بووە.

عەلی سەلام بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت کاتێ ماڵەکەی لەدەست چوو، مۆڵەتی لە پێشمەرگە وەرگرت

---

[58] چاوپێکەوتن، کەرکووک، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[59] چاوپێکەوتن، گوندی مەکتەب خالید، کەرکووک، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[60] چاوپێکەوتن، کەرکووک، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

لەسەر مەزراکەی لە دەرەوەی گوند بژیت:



نەهرەوان بەتەواوەتی وێران بووە© CNES, Distribution AIRBUS DC

"کاتێ لە ٢٦ ئازاری ٢٠١٥ مۆڵەتم وەرگرت بچم لە سەر مەزراکەی خۆم بژیم، بنەماڵەکەم بردە ئەوێ، هاوسەرەکەم، منداڵەکانم و دوو برام، سەرجەم هەشت کەس بووین. بۆ ماوەی هەفتەیەک لە سەر مەزراکەی خۆمان ژیابین ئینجا پێیان گوتین بۆ چوونە ناو و هاتنەدەر لە ناوچەکە دەبێ مۆلەت وەربگرین لەبەر ئەوەی مۆڵەتەکەمان تەنیا بۆئەوە بوو لەوێدا بژین نەک بێینە دەرێ و گەڕێینەوە ژۆورێ. کاتێ چووم ئەو مۆڵەتە وەربگرم پێم گوترا چیتر مۆڵەتی مانەوە لەسەر مەزراکەشم پێ نادرێت و دەبێ تا سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ شوێنەکە بەجێ بهێڵین. ک سەعات ٨ی بەیانی بوو کەس وکارەکەم هەڵگرت و هەمان ڕۆژ بە گوێرەی فەرمانەکە ڕۆیشتین. ڕۆژی ١٧ ی ئەیار مۆڵەتم لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگرت کە ڕوخسەتی پێدەدام بچمەوە سەر مەزراکەم و حاسڵی ئەو ساڵە هەڵبگرم، بەڵام مۆڵەتم پێ نەدەدرا بە بازگەی پێشمەرگەدا تێپەڕ بیم. لە سەرەتای تشرینی دووهەمی ٢٠١٥دا چوومەوە سەر مەزراکەم و بینیم کە ڕووتاوەتەوە؛ هەموو کەرەسەکەی دزرابوو و حاسڵەکەشی سووتێنرابوو. لە لایەن پەیوەندییەکەوە پێم گوترا کە ڕووداوەکە لە دەوروبەری ناوەڕاستەکانی مانگی نیسان ڕوویدابوو بەڵام ڕۆژەکەی بە ڕوونی نازانم کەی بووە. دوێنێ بیستم کە مەزراکەم بەر بۆلدۆزەریش دراوە، ئەوە ناسیاوێکی جێگەی بڕوا پێیگوتم کە دەتوانێت بچێتە ناوچەکە. خۆم نەمتوانیوە بچم و بزانم وایە یان نا. ئەگەر لە ڕاستیدا مەزراکەم تێک وپێک درابێت بە مانای ئەوە دەبێت کە هەموو شتێکم لە دەست چووە. من دوو منداڵی کەم تەمەنم هەن؛ نازانم چ چەشنە داهاتوویەکیان دەتوانم بۆ دابین بکەم."[61]

وێنە سەتەلایتییەکان پەسندی ڕاپۆرتی سەبارەت بە وێرانکاری و زیانی ژێرخانی ئابووریی خەڵکانی مەدەنی دوای ئازاری ٢٠١٥ دەکەن. گوندی مەکتەب خالید و نەهرەوان وێدەچێت تا ٢٠ ی ئەیاری ٢٠١٥ بەشی زۆریان لەناو

[61] چاوپێکەوتن، کەرکووک، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

برابێتن، بینایەکانی تەخت کرابێتن و خاک و خۆلەکەشیان بەرچاو دەکەوێت. هەروەها لە هەندێک وێنەدا ئاگری زیندووش دەبینرێت، کە وێدەچێت بۆرییەکی نەوت بێت و ئاگری تێبەردرابێت.

دەرکران بە زۆری

وێرانکاریی مالّ و ملّک لە گوندەکانی عەرەب کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە و چەند دەرزەن گوندی دیکەش کە تووشی هەمان چارەنووس هاتوون، ڕاگوێزرانی سەرجەم دانیشتووانی عەرەبیشی بەشوێن خۆیاندا هێناوە.

لە دوو شاردا کە زوربەی دانیشتووانی کوردن و دوای شالّاوی کەم خایەنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٤ دا هێزەکانی پێشمەرگە لە دەستیان سەندوونەتەوە، دانیشتووە کوردەکانیان لەمێژە گەڕاونەتەوە مالّەکانیان لەکاتێکدا دانیشتووانی عەرەب ئێستاش هەر مۆلەتی گەڕانەوەی سەر مالّ وحالّی خۆیان پێ نادرێت.

زوممار لە ٢٠٠ کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژئاوای هەولێر لە سەرەتای ئابی ٢٠١٤ لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە گیرا و لە کۆتایی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا پێشمەرگە گرتییەوە. زیاد لە ساڵێک دوای ئەوەش هێشتا دانیشتووانی عەرەبی شارەکە مۆڵەتی گەڕانەوەیان نییە، لە کاتێکدا دانیشتووانی کوردی شوێنەکە لە ماوەی چەند هەفتەدا توانییان بگەڕێنەوە. کاتێ کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی دوو ڕۆژ دوای گیرانەوەی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دا بۆ یەکەم جار سەردانی شارەکەی کرد، ئەندامانی پێشمەرگە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت هیچ مەدەنییەک مۆڵەتی گەڕانەوەی بۆ نییە بەهۆی ئەو مین و تەقەمەنییانەی وا شەرکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی بەجێیان هێشتوون. تاقمێک بە جل و بەرگی مەدەنییەوە کە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت هاتوون بۆ ئەوەی بزانن مالّەکانیان چۆنن، ئەوشیان گوت ئەوان مالّە عەرەبەکانیان تەقاندۆتەوە بۆ ئەوەی هیچکامیان نەگەڕێنەوە شوێنەکە.

کاتێ کە توێژێنەرانی ڕێکخراوەکە لە نیسانی ٢٠١٥ دا گەڕانەوە ئەوێ، بینییان مالّ و دووکانێکی زۆری عەرەب تالّان یان وێران کراون یاخود کورد بەکاریان دەهێنێت. هەندێک لە دانیشتووانی کورد بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت دەیاندەنەوە بە عەرەبەکان ئەگەر بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوانیتر گوتیان عەرەب هەرگیز مۆڵەتی گەڕانەوەی پێ نادرێت. کوردێک کە دەستی بە سەر دووکانی دانیشتوویەکی عەرەبدا گرتبوو، گوتی مۆڵەتی کەڵک وەرگرتن لە دووکانەکە، پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان، پدک، حزبی سەرەکیی بەڕێوەبەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) پێیداوە. لە کاتێکدا دانیشتوویەکی کورد دەست نیشانی ئەو مالّانەی کوردانی دەکرد کە دەوڵەتی ئیسلامی کاولی کردبوون لەگەڵ ئەو مالّ و دووکانانەی عەرەب وا دانیشتووانی خۆجێ یی یان پێشمەرگە دوای گرتنەوەی شارەکەیان وێرانیان کردبوون، پیاوێک کە گوتی ئەندامی هێزی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هاتە لای توێژێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و گوتی ئەگەر زانیاریان دەوێت دەبێ بچنە دائیرەی سەرەکی ئاسایش و بە کوردەکەشی گوت ئیجازەی ئەوەی نییە زانیاریی ئەوتۆ بداتە بێگانە.[62] کوردانی دیکەی دانیشتووی شوێنەکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت شەرکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی گەلێک مالّی کوردەکان و چەند مالّێکی عەرەبیان کاول کردووە و هەندێک مالّ و دووکانیش هەن کە زوربەیان دوای ئەوەی پێشمەرگە شارەکەی گرتەوە لە لایەن دانیشتووانی تووڕەی شوێنەکە و هێزەکانی پێشمەرگەوە وێران کراون.

دواجار کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە تشرینی دووهەمی ٢٠١٥دا سەردانی شوێنەکەی کرد، دانیشتووانی خۆجێ یی گوتیان ئاگادار نین ئایا دانیشتووانی عەرەب هێشتا مۆلەتی گەڕانەوەیان بۆ ناو شارەکە پێدراوە یان نا. بە گوێرەی هەواڵ، لیژنەیەک کە بۆ ئەگەری گەڕانەوەی دانیشتووانی عەرەب پێکهاتووە ئەفسەرانی پایە بڵێندی پێشمەرگە و ئاسایش، شارەوانی نوێی زوممار (ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا تەعیین کراوە)، و چەند ڕێبەری هۆزەکانی عەرەبی تێدا بەشدارن. هەندێک عەرەبی ئاوارەی زوممار بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت بیستوویانە لیژنەیەکی وا پێکهاتبێت بەڵام هیچی لەسەر نازانن، لەکاتێکدا کەسانیتر

[62] زوممار، ١٨ ی نیسانی ٢٠١٥

ئاگاداری بوونی نەبوون.

مەخموور، کە شاری کەمایەتیی کوردە و کەوتوتە ٦٠ کیلۆمەتریی باشووری ڕۆژئاوای هەولێرەوە، لە سەرەتاکانی ئابی ٢٠١٤ شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی گرتیان و هێزەکانی پێشمەرگەش لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دەستیان دەرهێنانەوە. هیچ عەرەبێک مۆڵەتی گەڕانەوەی ناوشاری پێنەدراوە. زوربەی ماڵە عەرەبەکانی ناوشار زیانیان پێگەیشتووە. لە تشرینی دووهەمی ٢٠١٥ دا، هەندێک دانیشتووی کوردی شارەکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییان گوت ئاگایان لە ماڵی دراوسێ عەرەبەکانیان دەبیت نەکەونە بەر هێرش.[63]

مامۆستایەکی ئاوارەبوو، محەممەد سەلاح، کە هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە گوندێکی نزیک ئەوێ پەنای گرتووە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت توانیویەتی بگەڕێتەوەمەخموور بۆ ئەوەی هەندێک شتومەک لە ماڵەکەی خۆی دەربهێنێت:

"ئەفسەرانی ئاسایش لەگەڵم کەوتن و لە دراوسێکانمانیان پرسی ئایا بە ڕاستی خاوەنی ماڵەکەم. دراوسێکانم جاوەڕێریی ماڵەکەم دەکەن بۆئەوەی تاڵان نەکرێت. فێرگەی عەرەبی لە مەخموور ئێستا داخراوە لەبەر ئەوەی هیچ دانیشتوویەکی عەرەبی لێ نەماوە، هەربۆیەش لەوێ ئیشێک بۆ من نییە، مەگەر دانیشتووە عەرەبەکان مۆڵەتی گەڕانەوەی شاریان پێ بدرێت. ئەگەر بتوانین دەچینەوە، بەڵام ئەوە ئێستا مۆڵەت پێدراو نییە."[64]

وەرزێرێکی ٢٧ ساڵە کە عەسکەری سوپای عیراقە و ئاوارەی مەخموورە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوت:

"من لە سوپای عێراقیدا لە خازەرخزمەتم دەکرد و کاتێ کە سوپا [لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا] لە باکووری عێراق کشایەوە، لە ماڵی خۆم لە مەخموور دانیشتم. بە گوێرەی حکوومەتی ناوەندیی عێراق، شوێنی من وەک عەسکەرێک، لەم ناوچەیەیە، بەڵام ناوچەکە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە و ئەوانیش عەرەبیان ناوێت، هەر بۆیەش ناتوانم عەسکەرێکی ئێرەیی بم. جا لە ناوچەیەکی نزیک ئێرە چوومە ناو حەشدی شەعبی (هێزێکی سوپایی کە لەژێر حوکمی سەرەک وەزیرانی عێراقیدا عەمەلیات دەکات)، بەڵام من بە شێوەی خۆجێ یی چوومەتە ناو هێزەکەوە و فەرمانێکی ئیداریی بەغدام بە دەستەوە نییە، جا زۆر بە کەمی مووچەم پێدەدرێت. کورد زۆر بەقا بە ئێمەی عەرەب ناکەن؛ هەموومان بە لایەنگرانی تیرۆریستەکان دەزانن. ئەو ڕاستییەش کە من لەگەڵحەشدی شەعبیدا شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەم هیچ شتێک ناگۆڕێت. منیش وەک هەموو عەرەبێکی تر مۆڵەتی تێپەڕبوونی بازگەی پێشمەرگەم نییە، مەگەر ئیجازەنامچەم پێ بێت و ئەوەش ناتوانین وەربگرین تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بچین بۆ نەخۆشخانەش. ئێستا ئێمە مۆڵەتمان پێ نادرێت بگەڕێینەوە مەخموور؛ ئاگاداری هیچ ڕەسمیاتێکیش نیم کە چۆن دەتوانین داوای ئیجازەکە بکەین. کاتێ کوردەکان بڕیار بدەن کە دەتوانین بگەڕێینەوە، ئەودەم ئاگادارمان دەکەنەوە و بە ڕێیەرانی کۆمەڵگاکانمان دەڵێن. ئێمە ناتوانین گازندە بکەین؛ ئەگەریش بیکەین بە هیچ ئەنجامێک ناگەین و منیش وا هەیە بگیرێم، هەربۆیەش گازندە کردن بیرۆکەیەکی باش نییە. تەنیا دەبێ چاوەڕوان بین، بەڵام نازانم تاکەی، لە هە مان کاتیشدا ژیان بە شێوەی پەنابەر لەم بارودۆخانەدا گەێک ئەستەمە." [65]

خزمێکی دورتری بنەماڵە عەرەبەکان لە مەخموور بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی گوت هەندێک لە خزمەکانیان ئێستا لەو ناوچانەدان وا دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوەیان دەبات. ئەوان دەڵێن کاتێ شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشیان هێنا و ناوچەکەیان گرت، ئەوانیش لەوێدا گیریان خوارد، ئینجا ترسی ئەوەیان بوو لە شەڕەتەقەی نێوان دوو لایەنەکە (دەوڵەتی ئیسلامی و پێشمەگە)دا گیر بخۆن یان لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی

---

[63] مەخموور، ١٣ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[64] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ١٣ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[65] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

پێشمەرگەدا، بگیرێن.[66]

ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی

یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی، یان یاساکانی شەڕ، کردەوەی لایەنەکان لە پێکدادانێکی چەکدارانەدا دەگرێتەبەر. یاساکە هەندێک پەیڕەوی کرداری مرۆڤانە دادەنێت کە ئامانجیان کەمکردنەوەی ڕەنج و ئازاری مرۆڤە و پێشنیاری پارێزگاری کردنی خەڵکانی مەدەنی و ئەو کەسانە دەکات کە ڕاستەوخۆ بەشداری دوژمنایەتییەکە نین.

ئەو پەیڕەوانە بە گوێرەی یاسا هەموو لایەنەکانی کێشەکە، هێزە چەکدارە حکوومییەکان و گرووپە چەکدارە ناحکوومییەکان دەگرێتەوە. دەستدرێژیکردنی جیددی بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی تاوانی شەڕ پێک دەهێنێت و ئەوانەی وا تاوانەکە بەڕێوەبەرن یان فەرمانی بەڕێوەچوونی بدەن، تاک تاکەیان بەرپرسن و دەبێ بە سزای ڕەوا بگەن. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتانە لەوەی وا پێی بگوترێت دەستدرێژیکردن بۆ سەر یاساکانی شەڕ بکۆڵنەوە، ئەوانەی وا بەرپرس بوون بدەنە دەست دادگا، و قەرەبووی قوربانیانی ئەو چەشنە دەستدرێژییانە بکەنەوە.

عێراق دەولەتێکی بەشدار لە پەیمانەکانی ساڵی ١٩٤٩ ی جنیڤا و پڕۆتۆکۆلە زیادکراوەکانی ساڵی ١٩٧٩یەتی لە پەیوەندیی لەگەڵ پارێزگاری لە قوربانییانی شەڕی چەکدارانەی نێودەوڵەتی (پڕۆتۆکۆلی ا)، کە، هاوڕێ لەگەڵ پەیڕەوەکانی ساڵی ١٩٠٧ ی هەیگ، بڕبڕەی پشتی یاساکانی شەڕ پێک دێنن و دەرواننە شێوە و واتاکانی شەڕ. بە پێی نەریتەکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی[67]، زوربەی پەیڕەوەکانی شەڕکردن - - و هەموو ئەوانەی وا پەیوەندیدار بەم کورتەباسەوەن- شەڕی غەیری نێودەوڵەتی دەگرنەوە- وەک تێکەڵاوبوونی هێزەکانی کورد و حکوومەت، میلیشیاکانی دەسکردی دەوڵەت، و گرووپی چەکداری موعاریز کە هەموویان دەکەونە سەرشانی هێزە حکوومی و ناحکوومییەکان.[68] دەرکردنی بەزۆر و وێرانکاریی بە دەستەقەسدی ماڵ و ملّک کە لەم ڕاپۆرتەدا بەڵگەی بۆ هێنراوەتەوە، دەستدرێژی کردنە بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی.

وێرانکردنی ماڵ و ملّکەکان

"وێران کردن یان زەوت کردنی ملّک کارێکی ناپەسندە مەگەر لەناوبردن یان زەوت کردنەکە پێویستییەک بێت کە هۆکار بێت بۆ وەستاندنی هەمان شەڕ و ناکۆکی؛[69] و بە پێی پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی ڕۆما ببێتە

[66] چاوپێکەوتن، نەینەوا، ١٥ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

[67] لیستەی پەیڕەوی نەریتەکانی یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی لە توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور لەمەڕ یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی دا نووسینی ژان ماری هێنچکرایتس و لوئیز دۆسوالّد بێک، بڵاوەکانی زانکۆی کەمبریج، ٢٠٠٥ دەدۆزرێتەوە.

[68] دەست تێوەردانی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتانی تر لە گرژییەکانی عیراقدا، گرژییەکان دەکاتە گرژیی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی لە سەر داخواز یان بەگوێرەی ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراق دەکرێت.

[69] توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور ، پەیڕەوی ٥٠

کەرەسەی وەستاندنی تاوانی شەڕ لە گرژییەکی غەیرە نێودەوڵەتیدا.[70]

وێران کردنی سزادەرانەی ماڵ و ملک لە سەر بنەمای قەوماییەت یان هەر هەڵاواردنێکی دیکە، یا بە هۆی ئەندامێکی بنەماڵەوە کە گومانی پەیوەندداربوون بە دوژمنی لێدکرابێت، دیاردەی "سزادانی بەکۆمەڵ" دەگرێتەوە، کە بە هەمان شێوە یاساخە و تاوانێکی شەڕە.[71]

لەو کەیسانەدا کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لێی کۆڵیونەتەوە، هەندێک ماڵ و ملک هەن کە وێران کراون یان وێدەچێت زیانیان پێ گەیشتبێت، یان لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە پێش ئەوەی پاشەکشێ بکەن، لە مەسەلەی شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و پێشمەرگەدا، یان لەبەر گوللەی نەتوقیو (تەڵەی مین) کە دەوڵەتی ئیسلامی لەپاش خۆی بەجێی هێشتن. هەرچۆنێک بێت، هەموو ئەو نیشانانەی وا بەدەستەوەن – ئیفادەی قوربانیان و شایەدەکان، بە ئەندامانی هێزی پێشمەرگەوە، و شێواز و ڕادەی وێرانییەکان کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە گۆڕەپانی کار، یان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی وێنە سەتەلایتییەکانەوە بینیونی- وا پێشان دەدەن کە بە دەستەقەسد ڕادەیەکی زۆری وێرانی، بە بێ پێداویستییەکی سوپایی، دوای ئەوە وەدی هاتوون کە هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکانیان گرتوتەوە و پاراستوویانە. هەروەها نەدانی مۆڵەت بە دانیشتووان بۆ گەڕانەوە یان دەست ڕاگەیشتن بەو ناوچانە پیشان دەدات کە بۆی هەیە وێرانکارییەکان بە ئامانجی ئەوە بەرهەم هاتبێتن کە بەرگری لە گەڕانەوەی دانیشتووان بکرێت.
وێرانکردنی ماڵ و ملک و ئاوارەکردنی بە زۆرەملی لە سەر بنەمای ئەوتو نایاساییە، جا بۆ تۆڵەسەندنەوەی کردارێک بێت کە گوایە لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە یان کۆمەڵگایەکەوە کرابێت، یان بۆ "هەق کردنەوە"ی سیاسەتەکانی "تەعریب" لە ماوەی دەیان ساڵی پێشتردا.

ڕاگواستنی بەزۆری

یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی ڕاگواستنی خەڵکانی مەدەنی لە ماوەی کێشەی چەکدارانەی غەیرە نێودەوڵەتییدا مەنع دەکات مەگەر بۆ سەلامەتی خەڵکەکە خۆیان بێت یان بۆ هۆکاری پێویستی سوپایی.[72] کاتێ ڕاگواستن سەرهەڵدەدات، خەڵکانی ڕاگوێزراو مافی ئەوەیان هەیە هەر ئەوەندەی هۆکاری ڕاگواستنەکە نەما[73]، بە خواستی خۆیان بگەڕێنەوە ماڵەکەیان و دەبێ مافەکانی ملکداریان پارێزراو بێت.[74]

ئوسوولی ڕێنومای یوو ئێن سەبارەت بە ڕاگوێزرانی ناوخۆیی[75] جەختی زیاتر دەکات لە سەر ئەوەی هەموو

---

[70] پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکانی ڕۆما (دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان)، بەندی ٨(٢)(e)(xii)

[71] توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور ، پەیڕەوی ١٠٣ و پەیڕەوی ١٥٦ (لاپەرە ٦٠٣-٦٠٢)

[72] توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، پەیڕەوی ١٢٩:

https://www.icrc.org/customary-ihl/eng/docs/v2_rul_rule129

پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی ڕۆما، بەندی ٨(٢)(e)(viii)، دەرکردنی ناعادڵانە و بەزۆری خەڵکانی مەدەنی وەک تاوانێکی شەڕ دیاری دەکات

https://www.icc-cpi.int/nr/rdonlyres/ea9aeff7-5752-4f84-be94-0a655eb30e16/0/rome_statute_english.pdf

[73] توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، پەیڕەوی ١٣٣:

https://www.icrc.org/customary-ihl/eng/docs/v2_rul_rule133

[74] توێژینەوەی نەریتیانەی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، پەیڕەوی ١٣٣:

https://www.icrc.org/customary-ihl/eng/docs/v2_rul_rule133

[75] ئوسوولی ڕینومایی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاوارەیی ناوخۆیی،

http://daccess-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/G98/104/93/PDF/G9810493.pdf?OpenElement

تاکەکەسێک مافی ئەوەی هەیە پارێزراو بێت لە دەرکرانی بە زۆرەملی لە ماڵەکەی (ئەسڵی ٦(١)). ئەسڵەکە "دەبێ چاوەدێریی حکوومەت، گرووپ و کەسانی تاکی بە سەرەوە بێت بە بێ پەیوەندییدران بە دۆخی یاساییانەوە و بە بێ جیاوازیدانانی دوژمنکارانە بەرێوە ببرێت" (ئەسڵی ٢(١)). حکوومەت دەبێ پێش ڕاگواستنەکە هەموو جێگرێکی گونجاویش بگرێتە بەرچاو (ئەسڵی ٧(١)).

بارودۆخی بنەمایی ڕاگواستنەکە هەرچییەک بووبێت، حکوومەتێکی بە توانا بەرپرسایەتی ئەوەی هەیە هەل ومەرجێک پێک بهێنێت، کە تێیدا گەڕانەوەی سەلامەت و خۆبەخشانەی ڕاگوێزراوەکان بۆ سەر ماڵ وحاڵیان دەستەبەر بکرێت. (ئەسڵی ٢٨(١)). هەروەها ئەرکی سەرشانیانە کە یارمەتی ڕاگوێزراوەکان بدەن بۆئەوەی دەستیان بگاتەوە بە ملک و شتومەکەکانیان، لە هەرکوێیەکیش ئەوە گونجاو نەبوو غەرامەی بەرێ وجێیان بدرێتێ، یان قەرەبووی دادپەروەرانە بکرێنەوە (ئەسڵی ٢٩(٢)).

لەو کەیسانەدا کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لێی کۆڵیونەتەوە، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک هەر کارهاسانییان بۆ گەڕانەوەی سەلامەتی ڕاگوێزراوان نەکردووە، بەڵکوو چالاکانە بەرگری کارەکە بوون.

ئەنجام

دەرکردنی بەزۆرەملێی دانیشتووانی عەرەب و وێرانکاریی نایاسایی و بەربڵاوی ماڵ و ملْکی خەڵکانی مەدەنی کە لەم ڕاپۆرتەدا ڕوون کراوەتەوە، دەستدرێژی کردنە بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی، کە ئەو کردەوانە یاساخ دەکات و دەست نیشانی دەکات کە دەستدرێژییەکی ئەوتۆ مافی قەرەبووکرانەوە دەبەخشێتە کەسەکان.

لەو کەیسانەدا کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لێی کۆڵیونەتەوە، ڕێکخراوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە دەرکردنی بەزۆرەملێی خەڵکانی مەدەنی و وێران کردنی ماڵ و ملْکیان بە بێ پێداویستییەکی سوپایی بەڕێوە براوە و هەر بۆیەش نایاساییەو دەبێ وەک تاوانەکانی شەڕ لێیان بکۆڵرێتەوە.

بارودۆخی هەندێک نموونەی ڕاگواستنی بە زۆرە ملی کە لەم ڕاپۆرتەدا بەرجەستە کراونەتەوە، وایدەردەخات کە ئەو دەستدرێژییانە بە تۆڵەی پەیوەندی بنەماڵەیی دانیشتووان بە لایەنگرییەکی جێگەی گومانی ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامی یا گرووپە چەکدارەکانی دیکەوە کراون. کاولکاریی بە دەستەقەسدی ماڵ و ملْک (مەزرا، کار و کاسبی) ی دانیشتوانیش وا دەردەکەوێت کە وەک هۆکارێک بۆ ئەوە بەکار هێنرابێت کە کاری گەڕانەوەی دانیشتووان نەگونجاو بکات- ئەوەش بۆ ئەوەی لەڕێگەی نەهێشتنی هیچ شتێکی وا کە بتوانن بۆی بگەڕێنەوە و بەرگر بن لەوەی دواڕۆژ بگەڕێنەوە ناوچەکە.

کردەوەی ئەوتۆ سزای بەکۆمەڵ دەگرێتەوە، کە وەک لە سەرەوە گوترا، دەستدرێژی کردنێکە بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی نیگەرانی ئەوەیە کە، زیاد لە دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی تاکەکەس و بنەماڵە، کە ئەو دەستدرێژییانە ڕاستەوخۆ یاراستەی ئەوان کراوە، یان شوێنی داناوەتە سەریان، کرداری ئەوتۆ دەبێتە هۆکار بۆ گرژیی زیاتری پەیوەندییە نێو کۆمەڵگاییەکان و توندوتیژیی زیاتر لە ووڵاتەکەدا، و کارتێکەریی مەترسیداری دەبێت بۆ سەر (هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتی) و ئاسایشی کۆمەڵگا جیاوازەکان.

ڕێکخراوەکە بە تونديی داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات هەنگاوی بەرچاو هەڵێنێتەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو دەستدرێژییانە، بەرگر بێت لە دووپات بوونەوەیان و قەرەبووی ئەو کەسانە بکاتەوە وا تووشی هاتوون. لە کۆتاییشدا ئەم ڕاسپاردانە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دەولەتانە دەکات وا یارمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن و پشتگیری دەکەن.

ڕاسپاردەکان

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە تووندی داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە:

- دەستبەجێ وێرانکاریی نایاسایی ماڵ و ملکی خەڵکانی مەدەنی بوەستێنێت؛

- قەرەبووی هەموو ئەو مەدەنییانە بکاتەوە کە ماڵ یان ملکیان بە ناقانوونی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشییەوە یان خەڵکانی تر بە ئیجازە یان ڕەزامەندیی ئەو هێزانەی وا ناوچەکەیان بە دەستە، کاول کراوە، دەستیان بە سەردا گیراوە، یان تاڵان کراوە؛

- مۆڵەتی ئەو هاوڵاتییانە بدات کە ماڵیان وێران کراوە بۆ ئەوەی دروستی بکەنەوە یا ماڵی وایان بداتێ کە هاوشێوەی لەگەڵ ماڵی خۆیان بێت؛

- دەرکردنی خەڵکانی مەدەنی بوەستێنێت مەگەر بۆ ئاسایشی خەڵکەکە خۆیان بیت یان لەبەر هۆکاری پێویستی سوپایی؛

- لە هەر شوێنێک کە بتوانێت دووری لە کاری ڕاگواستن بکات جا بۆ هۆکاری پێویستی سوپایی بێت یان ئاسایشی خەڵکانی مەدەنی، زامنی ئەوە بکات کە هیچ هەنگاوێک لە لایەن هێزە ئاسایشییەکان یان هیچ ئەنجامدەرێکی کارەکانەوە هەڵناهێنرێتەوە کە بەرگر بێت یان تەنگژەیەک پێک بێنێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکانی دەرکراو، زامنی ئەوە بکات کە دەرکردنەکە بۆ کەمترین ماوەی گونجاو دەبێت، و زامنی ئەوەش بکات کە خەڵکانی دەرکراو دەستیان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان (وەک خواردن و ئاو، خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و کەرەسی پاک وخاوێنی) ڕادەگات؛

- مۆڵەت بداتە خەڵکانی مەدەنی کە بە زۆرە ملی دەرکراون بۆ ئەوەی هەرچەندە خێراتر بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان؛

- ڕێبازێکی شەفاف دابمەزرێنێت بۆ هەڵسەنگاندن و بەڵگەدار کردنی زیان یان وێرانکاریی لەو شار و گوندانەی وا لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەستێنراونەتەوە و دانیشتووانی ئاوارەبوو لە دۆخی (دەست ڕاگەیشتن و زیانەکان)ی شار و گوندەکانیان هەروەها لەو ڕێباز و پێوانە، یان ئەو پێداویستییانەی وا بە گوێرەی ئەوان مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ یان گوندەکانیان پێدەدرێت، ئاگادار بکاتەوە.

- کارهاسانی بکات بۆ دەستڕاگەیشتنی دەست بەجێ و بێ ڕێگریی چاودێرانی سەربەخۆ بە هەموو ناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، لە لایەن فەرمانبەرانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێبازی مرۆڤانە، و وەکالە پەیوەندیدارەکانی یووئێن، بە ئۆفیسی لیژنەی باڵای مافەکانی مرۆڤ (یوو ئێن ئێچ سی ئار) و دەستەی نێردراوی یارمەتییەکانی یوو ئێن بۆ عیراق (یوو ئێن ئەی ئێم ئای) هوە.

- لە وێرانکاریی نایاسایی ماڵ و ملک، دەرکردنی بە زۆرەملێ، و دەستدرێژییەکانی تر بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی، لە سەر ئیش وکار لابردنی ئەوانەی وا

گومانی ئەوەیان لێبکرێت بەرپرسی فەرماندان یا بەڕێوەبردنی ئەو دەستدرێژییانە بوون، و هێنانە بەر دەم دادگایەکی عادڵانەی هەموو ئەو کەسانەی وا بەڵگەی بەڕێ و جێی تەواویان لەسەر دۆزرابێتەوە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە تۆندی داوا لە هەموو ئەو حکوومەتانە دەکات کە یارمەتی ناراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن یان پشتی دەگرن، بەتایبەت لە ئەندامانی هاوپەیمانیی دژ بە دەولەتی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەک شانشینی یەکگرتوو و ئاڵمانیا و ئەوانیتر، کە:

- هەنگاوی دیار و شیاوی ئەندازەگرتن هەڵێنێننەوە بۆ زامن کردنی ئەوەی هەر چەشنە یارمەتییەکی سوپایی، پشتگیری یان ڕاهێنانێک کە دابینی دەکەن – ناردنی چەک وچۆڵ و کەرەسەی دیکەی سوپایی بێت، یان ئامادەکاری بۆ ڕاهێنان و ڕێنومایی – یارمەتی نادات بۆ کارهاسانیکردنی بەڕێوەبردنی دەستدرێژیی جیددی بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ یان یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی وەک دەرکردنی بەژۆرەملی و وێرانکاریی نایاسایی؛

- ئەو دەولەتانەی وا بیانەوێت چەک یان کەرەسەی پەیوەندیدار بە چەکەوە هەناردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، دەبێ سەرەتا هەڵسەنگاندنێکی بە زەبری مەترسییەکان بکەن لەوەی کە هەرچەشنە هەناردەیەکی بەرچاوگیراو گونجاوە ئەو لایەنانە کەڵکی لێ وەربگرن کە مەبەستی کارەکە بوون، نەک بە فێلکردن، لە لایەن کەسانی دیکەوە بەکار بهێنرێن کە دەستدرێژی دەکەنە سەر یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ یان یاسای نێونەتەوەیی ڕێبازی مرۆڤایەتی، یان کارهاسانی بۆ ئەو دەستدرێژییانە دەکەن؛

- ڕێبازێکی بەرگرییانە بگرنە بەر و شێوەی دیار، گونجاو، شەفاف، و سەلمێنراو بەکار بهێنن بۆ خاوکردنەوە و لابردنی مەترسیی گەورە لە سەر ئەوەی چەکەکان ڕاستەوخۆ ئەو لایەنانە کەڵکی لێ وەربگرن کە مەبەستی کارەکە بوون، نەک بە فێلکردن، لە لایەن کەسانی دیکەوە بەکار بهێنرێن کە دەستدرێژی دەکەنە سەر یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ یان یاسای نێودەوڵەتیی ڕێبازی مرۆڤایەتی، یان کارهاسانی بۆ ئەو دەستدرێژییانە دەکەن؛

- بە ئاشکرا لۆمەی ئەو کارە نایاساییانە بکەن کە دەستدرێژی کردنن بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ وەک وێرانکاریی نایاسایی ماڵ و ملکی خەڵکانی مەدەنی و دەرکردنی بە زۆرە مل.

دوورخراو و بێ بەش کراو:
دوورخستنەوەی بە زۆرەملی و وێرانکاریی بە دەستەقەسد لە باکووری عێراق

هێزەکانی یەشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و میلیشیا کوردەکان لە باکووری عێراق هەزاران مالّیان لە گوندە عەرەبەکاندا بەر بولدوزەر داوە، تەقاندوویانەتەوە یان سووتاندوویانن. باوەکوو کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ویستوویانە لە سەر بنەمای ئاسایش، ڕەوایی بدەنە کاری دەرکردنی کۆمەڵگا عەرەبەکان، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەوکارەیان دەک سزادانی نەوان بۆ هاوسۆزیکردنی نەچالاکانە لەگەڵ بەقسە دەوڵەتی نیسلامی و چەسپاندنی دەسکەوتی خاک و دامەزراندنی دەسەڵات بەسەر 'ناوچە جێ ناکۆکییەکان' ی ووڵات کە دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمێژە دەڵێ دەبێ بەشێک بن لە هەرێمی خودموختاری کوردستان لە عیراق.

دەرکردنی بەزۆرەملیی ئەوتۆی خەڵکانی مەدەنی و وێران کردنی بە دەستەقەسدی مالّ و ملّک بە بێ پێداویستییەکی سوپایی دەبێ دەست بەجێ بوەستێنرێت و وەک تاوانی شەڕ لێی بکۆڵرێتەوە، و دەستدرێژییەکی ئەوتۆ بۆ سەر ئاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێ بوەستێنرێت.

amnesty.org

Index: MDE 14/3229/2016
January 2016

AMNESTY INTERNATIONAL